بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## ئیدانەی هەڕەشەی دەوڵەتی عێراق و وڵاتانی ناوچەکە، دەکەین دژی بڕیاری خەڵکی کوردستان!

ژمارە ( 13 ) 1/10/2017 مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# ریفراندۆم هەنگاوێکی گرنگ، لە رێگایەکی درێژتر بۆ سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سیکیولاری ناقەومیدا!

## وتەی ژمارە

٢٥ سیبتەمبەر، ریفراندۆم لە کوردستان بەبەشی هەرەزۆری ناوچە کێشەلەسەرەکانیشەوە، بەرێوە چوو... سەرباری هەر تیبینی و سەرنج و کەم و کورییەک، چ ژمارەی بەشداریکردنی خەڵک و چ دەنگی بەڵێی خەڵکی کوردستان... بەلەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخەی ریفراندۆمی تیادا کرا، سەرکەوتنێکی گرنگ و رووداوێکی بێ وێنە نەتەنها لە عێراق وکوردستان، بەڵکو رووداوێکی ناوازەیە لە ئاستی تەواوی ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەراست و دنیادا... لە ئاستی کوردستاندا هیچ کام لە هێزو حزبەکای زۆنی سەوز لەخانەوادە بۆرژوازی کوررد، نەک بە لێبراویەوە لەپشت ریفراندۆم نەبوون، بەڵکو لەسەرەگێژە و دابەش بوون و دژیش بوون... هاوکات بەرەیەکی نەخێر و ترساندنی خەڵک بێ وەستان دەچەرخا. وڵاتانی ناوچەکە جگە لە هەرەشەی پەیتا پەیتا، بەڵکو ماشێنی مانۆری سەربازیان خستبۆوە گەڕ. رۆژهەڵاتی ناوەراست بەگشتی دەرگیری جەنگی خوێناوی زلهێزەکان و وڵاتانی ناوچەکەو چ بەشیوەی راستەوخۆ و چ بەوەکالەت بوو. لەسەر ئاستی دنیا ئەنجومەنی ئاسایش بە بەیاننامەیەک دژایەتی خۆی لەگەڵ ئەنجامدانی ریفراندۆم راگەیاندبوو... خەڵکی کوردستان بەگشتی تورە بوون لەدەسەڵاتی تالانچی و میلیشیایی پارتی و یەکیتی... کەچی خەڵکی کوردستان لەناو ئەو دۆخەدا، دۆسیەی سەربەخۆیی و جیابوونەوەیان لە عێراق بە موڵکی پارتی و یەکێتی نەزانی و گوێشیان بەو هەموو هەرەشە ناوچەیی و جیهانی و وڵاتە چنگ بەخوێنەکانی ناوچەکە نەدا، و بە بەڵی بەمەبەستی دەستراگەیشتن بە سەربەخۆیی و پیکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ، بەحەماسەت و شور و شەوقەوە بەشداری ریفراندۆمیان کرد. بەمەش پەیامێکی گرنگ و چارەنووسیان راگەیاند. بە پێچەوانەی ژمارەیەک نووسەر و ئیلیتی سیاسی و چەپی ئەنتی پارتی، ریفراندۆم و سەربەخۆیان بە مافی خۆیان زانی و بۆدەستراگەیشتن بەو مافەشیان، ئیرادەی زیندوی خۆیان نمایش کرد و نەبوونە زەخیرەی ئەو پروپاگەندە روکەشانەی کە ریفراندۆم ناکرێت، ریفراندۆم کوشت و کوشتار بەدوای خۆیدا دێنی، ریفراندۆم موڵکی پارتی و بارزانییە، ریفراندۆم بی یەکریزی نیشتیمانی! و تەبایی ناوماڵی کوردا! بێ ریفراندۆم پشتیوانی ئەمریکاو غەرب، ناکرێ. ریفراندۆم ناوچەکیشەلەسەرەکان ناگرێتەوە، ریفراندۆم... خەڵکی کوردستان هوشیارتر و دووردیدەتر بەئیرادەیەکی لێبراوانەوە، وەڵامی هەموو ئەو بانگەشانەیان بە کردەوە دایەوەو کۆمەڵگای کوردستانیان خستە بەردەم قۆناغێکی نوێ. قۆناغی بریاردان بە جیابوونەوەو قۆناغی دوای ریفراندۆم.

ریفراندۆم کرا و بەهەموو پێوانەیەک هەم سەرکەوتوو بوو هەم روداوێکی ناوازە لەدڵی هەلومەرجی عێراق و ناوچەکەو دنیادا بوو، بەڵام نابێ بیرمان بچێت، ریفراندۆم تەنها هەنگاوێکی گرنگ و ئیرادە نواندنێکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی بوو بۆ بڕیاردانی جیابوونەوە لە عێڕاقی قەومی و ئیسلامی، لەپێناو سەربەخۆییدا. وە تا گەیشتن بەسەربەخۆیی واقعی و دامەرزاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆش گەلێک هەنگاو و ئەرکی گرنگیتر ماون، کە دەکرێ بڵێین نەبەردەکانی داهاتووی دوای ریفراندۆم و تەواوکردنی پەیامی ئاکامی ریفراندۆمن.

کاری خەڵکی کوردستان تەنها بە رۆژی ٢٥ سیبتەمبەر و دەنگدان بەجیابوونەوە، بەکۆتا نایەت، بەڵکو دەورەیەکی نوێ دەستپیدەکات، کە ئەگەر خەڵکی کورستان و لە پێشیانیشەوە بەرەی چەپ و ئازادیخوازی کۆمەڵگە لە مەیداندا نەبن، دەشی ئەم دەستکەوتە گەورەیە کە سەرکەوتنی ریفراندۆم و نمایشی جەماوەری بوو بۆ بۆ بریاردان بۆ سەربەخۆیی، بە ئاقاری تردا ببرێت، سات و سەودای پیوەبکرێت، بکرێتە دەستمایەی سازانی **بۆ لاپەرە ٢**

## لەژێر سایەی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداریدا ٤٠ ملیۆن وەکو کۆیلەی مۆدێرن، ١٥٢ ملیۆن منداڵ کاریان پێدەکرێت...ل2




## پەیماننامە(میثاق)ی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ! ل10

## کلێشەو هەڵاوردن هۆکاری توندوتیژی بەدژی ژنان...ل5

## چارەکە سەدەیەک لە خەباتی ژنانی عەرەبستانی سعودی بۆ بەدەستهێنانی مافی شوفێری! ل3

## هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاریی و جەماوەرییەکان ل4

## ئیرادەی خۆمان و هاوپشتی ئەنتەرناسیۆنالیستی باشترین پەنایە! ل7

## گۆشەی لەگەڵ NRT

لەنووسینی: عەبدوڵا مەحموود
لەلاپەرە 8 دا، بخوێننەوە

## لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:

※ کرێکارانی زیرۆ کۆنتراکت، ژمارەیان ملیۆنێک کرێکارە..........................ل3
※ نەخێر بۆ ریفراندۆم هەمان رەوایی بەڵێی هەبوو ..........................ل6
※ بەریتانیای بریگزت لەسەر سایدی هێواش لێدەخورێ..........................ل6

# پاشماوەی... وتەی ژمارە

پۆست و داهات و هاوبەشیتی سیاسی بۆ دەورەیەکی تر لەگەڵ بەغدا، دەشی بریارو ئیرادەی خەڵکی کوردستان بەهەند نەگیرێت و بۆ مەبەستی تر بەکار ببرێت... دەشی لە ژێر گوشار و هەرەشەدا حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دەنگی خەڵکی کوردستان بکەنە کارتێک بۆ یەکلایی کردنەوەی کیشەکانی خۆیان لە گەڵ عێراق و وڵاتانی ناوچە. ئەوەی کە ریگە لەو دەشێ و ئەگەرانە دەگرێت، ئەوەی دەتوانێت مەترسیەکان و لە پێشیانەوە هەرەشەو چاوسورکردنەوەی وڵاتانی ناوچەکە پوچەڵ بکاتەوە... لەمەیداندا مانەوەی خەڵکی کوردستانە تاکۆتایی پرۆسەکە... دریژەدانە بەو ئیرادەیەی ٢٥ سیبتەمبەر نمایش کرا.

لەمەیدان دامانەوە بۆ راکیشانی پشتیوانی بەرەی ئینساندۆست و پێشکەوتنخوازی ناوچەکەو دنیا، یەکێک لەو نەبەردانەیە. هاتنە مەیدانی جەماوەری لە شارەکانی کوردستانی ئێران و کوردستانی رۆژئاوا و بە دروشمی پشتیوانی لەپێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ دەکەین... هەنگاوێکی گرنگە. کە ئەمە نەک تەنها پەیامێکی هاوپشتییە بۆ پشیوانی لە بریار و ئیرادەی خەڵکی کوردستانی عێراق، بەڵکو هاوکات پەیامێکیشە بۆ دەوڵەتەکانی ناوچەکە و بەرگرتن بە ملهوری نواندن و هەرەشەکانیان. دیارە ئەم بزوتنەوەیە دەبێ هەم درێژە هەبێت و هەم تەواوی خەڵکی ئازادخوازی ئێران و تورکیا و سوریا بگرێتەوە، هاتنە مەیدانی ئەو هێزە دەتوانێت دەستی ئەو دوژمنانەی ئازادی و خەڵکی کوردستان کورت بکاتەوە پیلانە ئاشکراو نهێنیەکانیان لە قاو بدات.

بۆ راکێشانی پشتیوانی بەرەی ئینسان دۆست و ئازادیخوازی لەناوخۆی عێراق و ناوچەکەو جیهاندا، لەمەیداندابوونی خەڵکی کوردستانی عێراقی دەوێت، بەردەوامیدان بە خۆپیشاندان و ریپوانی دەوێت، نیشاندانی حەقانیەتی و سیمای ئازادیخوازانەی دەوێت. دەستبردن بۆ خۆریکخستن و سازانی ئۆرگان و نهادە جەماوەرییەکانی بەرگریکردنی دەوێت. پلاتفۆرمی ئینسانی ئازادیخوازانەی دەوڵەتی سەربەخۆیی داهاتووی دەوێت. تا دنیای ئازادیخوازی و پیشکەوتنخوازی بتوانێت بێتە پشتی خواستە ئینسانیەکانی ئەو خەڵکە. بزوتنەوەیەکی ئاوا دەتوانێت دانپیانانی نێودەوڵەتیش بۆ پرسی سەربەخۆیی مسۆگەر بکات.

لە مەیدان دابوونی خەڵکی کوردستان، بەجیا لە راکیشانی پشتیوانی ناوچەیی و جیهانی بۆ پشتگری لە ئاکامی ریفراندم و سەربەخۆیی، هاوکات دەبێ بۆ ئەوە بێت، کە گوشاری جەماوەری و ریکخراو و فراوانی هەموو رۆژە لەسەر دەسەڵاتی ناسیونالیستی کورد دروست بکات، کە ریز لەدەنگی خەلکی کوردستان و ئاکامی ریفراندۆم بگرن و ریگەبگرن لەوەی ئاکامی ریفراندۆم بۆ مەبەستی تر بەدەستەوە بگیرێت.

هەروەها ئامادەیی جەماوەری لەسەر شەقام هاوکات پێویستی بە ئامادەیی چەکداریی جەماوەریە بۆ بەرگری لەخۆو وەستانەوە بەرووی هەرەشەو دەستدرێژی چەکدارانەو دەستوەردانی وڵاتانی ناوچەکە لە کوردستانی عێراقدا. راوەستاوی چەکداری و جەماوەری بۆ بەرگری لە خۆکردن و وەڵامدانەوە بە دەستدرێژیەکانی هەرکام لە دەوڵەتەکانی ناوچەکە، پێداویسیەکی زۆر گرنگ و چارەنووسازە... ئامادەیی بۆ بەرگریەکی ئاوا جەماوەری و چەکداری حەقخوازانە دەتوانێ هاوسۆزی و هاوئاهەنگی و پشتیوانی دنیای ئازادیخواز بۆخۆی فەراهەم بکات... هەروەکو لە ئەزمونی کۆبانێدا بینیمان.

پێداگری لەسەر دەوڵەتی هاوڵاتی داهاتوو، لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتێکی پشت بەستوی جەماوەری بۆ بەرپوەبردن و حکومرانی هەنگاوێکی ترە کە دەبێت لە ئیستاوە مۆری خۆی بەهەموو جموجۆڵە سیاسی و جەماوەری و کۆمەڵایەتیەکانەوە، نیشان بدات. تا خەڵکی ئازادیخواز ئەمە بەدەسکەوتێکی گرنگ لە ناوچەکەدا بزانن و بەرگری لێکردنی لە مافیکەوە بۆ پێویستیەک تەماشا بکەن.

"دەوڵەتی قەومی و دەوڵەتی پێکهاتەکان و دەوڵەتی فیدرالی" لە روانگەی دنیای شارستانی ئەم سەردەمەوە یانی کردنی ئێراق بە دوودەوڵەتی هاوشیوەی بچوک. بێگومان خەڵکی ئازادیخوازی دنیا نەک پشتیوانی لە دەوڵەتێکی ئاوا ناکەن بەڵکو مەترسیەکانی دەبینن و ئەزمونی دەوڵەتی عێراق نموونەیەکی بەرجەستەیەتی. بۆیە پێداگری لەسەر دەوڵەتی هاوڵاتی و دەوڵەتی سکیولاری غەیرە دینی، دەتوانێ پشتیوانی ناوچەیی و جیهانی دەستەبەر بکات. بۆیە بەرەی پێشکەوتنخوازی کۆمەڵگەی کوردستان، پێویستە لە ئیستاوە ناوەرۆکی حکومەتی داهاتوو، دەسەڵاتداریتی جەماوەری، یاساو ریسای ئەو حکومەتە، مافە سەرەتاییەکانی ئینسان، مافە فەردی و مەدەنیەکان، ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان... بخاتە روو تا خەڵکی کوردستان بەشورو شەوقەوە بۆ جێگیرکردنیان بۆی تێبکۆشن... دنیای ئازادیخوازیش پشتگیری لێ بکەن.

ئامادەیی خەڵکی کورستان بۆ گواستنەوە و گۆرینی دەسەڵاتی حزبی و میلیشیایی بە دەسەڵاتی هەڵبژێردراوی لەخوارەوەی جەماوەری و بەیاساییکردنی ئەو دەسەڵاتە جەماوەرییە، یەکێکی تر لەو هەنگاوانەی دوای ریفراندۆمە... کە بەدوای خۆیدا دەبێ لیکەتەکانی ئەو دەسەڵاتە میلیشیایی و حزبییە لە گێرانەوەی داهاتی دزراوی خەڵکی کوردستانەوە بۆ داهاتی گشتی و کردنەوەی دۆسیەی یاسایی بۆ سەرجەم ناحەقی و تاوانەکانی چارەکە سەدەی رابردوو، کارێکە نابێ بە فەرامۆشی بسپردرێت.

هەموو ئەمانە کار و ئەرک و هەنگاوی دوای ٢٥ سیبتەمبەرن... کە دەتوانین بەسادەیی بڵێین، ریفراندۆم هەنگاوێکی گرنگ بوو لە راستای رێگایەکی درێژتردا بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی بەکردەوەی دەوڵەتێکی ئازادی جەماوەری و ئازادیخوازانەو تەسەل و خۆشگوزەرانی داهاتوو... پێویستە خەڵکی کوردستان تا دوا ویستکەی جێ بەجێکردنی ئاکامەکانی ریفراندمەکە برۆن و جڵەوی هەنگاوە چارەنووسازو هەنگاوەکانی ئایندە لەدەستی خۆیاندا بهێڵنەوە. ٢٥ سێبتەمبەر تەنها رۆژێک و هەنگاوێک و دەنگدان و بریارێک بوو، بۆ ئایندەیەکی دڵخوازانەی ئینسانی و پێشکەوتنخوازانە کە چەندین ئەرک

# لەژێر سایەی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداریدا ٤٠ ملیۆن وەکو کۆیلەی مۆدێرن، ١٥٢ ملیۆن مناڵ کاریان پێدەکرێت

رێکخراوی جیهانی کارو رێکخراوەی نێونەتەوەیی پەنابەری و دامەزراوەی رزگاری... رادەی کۆیلەداری مۆدێرن لە دنیادا دەخاتەروو...

بەگوێرەی ئەو بەدواداچوونە... تەنها لەساڵی ٢٠١٤ زیاتر لە ٤٠ ملیۆن ئینسان لەسەراسەری جیهان بوونە قوربانی کۆیلەداری مۆدێرن...

بەپێی ئەو راپۆرتە لەناو قوربانیانی کۆیلەداری مۆدێرندا، ٢٩ ملیۆن لە ژنان و منالان کەدەکاتە ٧٩% پێک دەهێنن... ٩٩% ئەو ئامارە قوربانیانی کاری ئیجباری و بازاری سێکسین... ٨٤% لەوانە ژنانن وەکو قوربانیانی بەزۆربەشودان... لە ٤٠ ملیۆن کۆیلەداری مۆدێرن ٢٥ ملیۆنیان قوربانیانی کاری ئیجباری و ١٥ ملیۆنیان لەرێگای بەزۆر بەشودانەوە کێشراونەتە ژیانی کۆیلەدارییەوە...ئەو ژمارەیە لە کۆیلە لەبەشی تایبەتی و وەکو کاری ناوماڵ و کشتوکاڵیدا کەڵکیان لێوەردەگیرێت... وە زیاتر لە پینج ملیۆنیان دوچاری چەوساندنەوەی سیکسی و ٤ ملیۆنیان ناچار بەکاری زۆرەملێ بوونەتەوە لەلایەن دەزگاکانی وابەستە بە دەوڵەتەوە.

بەگشتی لە ماوەی ٥ ساڵی رابردوودا، ٦ ملیۆن و نیو لە ژنان بەزۆر بەشودراون... یەک لە سێ بەشی ئەوانە منالانی کچن...

ژمارەی منالانی کار لە ساڵی ١٩١٦ لانی کەم ١٥٢ ملیۆن نەفەر بووە... لەو ژمارەیە ٦٤ ملیۆنیان کچان و٨٨ ملیۆنیان کورڕ و یەک لە دەبەشی هەموو ئەوانە منالانن... تەمەنی ئەو منالانە لەنێوان ٥ بۆ ١٧ ساڵدایە... ٧٢ ملیۆنیان لە کیشوەری ئەفریقیا، ٦٢ ملیۆنیان لە ئاسیا و ١٠،٧ ملیۆنیان لە کیشوەری ئەمریکاو ٥،٥ ملیۆنیان لە ئەوروپاو ئاسیای ناوەراست و ١،٢ ملیۆنیان لەوڵاتانی عەرەبی دەژین... ٣٨% منالانێک کە ناچار بەکاری سەختن تەمەنیان لەنێوان ٥ بۆ ١٤ ساڵیدایە... دوو لەسەر سێیان تەمەنیان لە ١٥ بۆ ١٧ ساڵیدایە کە لەهەفتەیەکدا ٤٣ سەعات کاریان پێدەکرێت...یەک لە سێ بەشی ئەو منالانە کە تەمەنیان لەنێوان ٥ بۆ ١٤ ساڵیدایە لە خوێندن بێبەشن...

ئەو ئامارانە شەم ئاوەرن...

# قوربانیانی نائەمنی شوێنی کار



سەرلەبەیانی بەرواری ٢٨ ئەم مانگە، لە ئاکامی تەقینەوەیەکەوە کە لەکارگەی سلێمانی ستیل، لەناوچەی بازیان روویدا، پینج کریکار بوون قوربانی. یەکێک لە کرێکارەکان یەکسەر گیانی لەدەستداوەو ٤ کریکاری تریش بریندار بوون کە برینی دوانیان سەختە. کارگەی سلێمانی ستیل کارگەیە بۆ تواندنەوەی ئاسن و دروستکردنی شیش. هۆکاری سەرەکی ئەو کارەساتانە کە بەسەر کرێکاران دێت و دەبنە قوربانی، نائەمنی شوێنی کار و نەبوونی پێداویستی گونجاو سەردەمییە بۆ کارکردن و پارێزگاری کردن لە کرێکاران لە کاتی کارکردندا. نەبوونی ئەو پێداویستیانەو کەشی گونجاو بۆ کارکردنیش پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە چاوچنۆکی سەرمایەداران و خاوەن کار و کۆمپانیاکانەوە... ئیمە لە کاتیکدا سەرەخۆشی لە خانەوادە و هاورِێ و هاوکارانی قوربانیەکە دەکەین، هاوکات هیوای چاکبونەوە بۆ بریندارەکان دەخوازین و کۆمپانیاکەش بە بەرپرس دەزانین لە قەرەبووکردنی کەسو کاری قوربانیەکەو بریندارەکان...

# لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. راسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی راگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

# چارەکە سەدەیەک لە خەباتی ژنانی عەرەبستانی سعودی بۆ بەدەستهێنانی مافی شوفێری...

## ئامادەکردنی: ئاراس رەشید

سەرچاوە/ وکالات- بی بی سی
شای عەرەبستانی سعودی سلمان کوڕی عبدالعزیز شەوی سێشەممە ٢٦/٩/٢٠١٧، سەرئەنجام و لە ژێر گوشارێکی فراوان و بەردەوامی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان و نەفرەتی بەردەوامی دنیای شارستانی لە دژی ڕێگریکردن لە ژنان بۆ سەیارە لێخوڕین، بڕیارێکی دەرکرد کە تێیدا ڕێگە دەدات بەژنانی سعودیە بۆ شوفێری کردنی ئۆتۆمۆبیل. لە بڕیارەکەدا هاتووە، کە ڕێگە نەدان بە شوفێری کردنی ژنان زۆر شتی سلبی لێدەکەوێتەوە، وە جەختی کردەوە کە ڕێگەدان بە شوفێریکردنی ژنان زۆر شتی ئیجابی هەیە. داوای دروستکردنی لیژنەیەک کراوە لە ئاستی باڵا لە وەزارەتی ناوەخۆ و مالیە وکار و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی، بۆ لێکۆڵینەوەی پێویست بۆ



جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە. ئاماژەی بەوە داوە کە ئەو لیژنەیە دەبێت لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا ڕێنوێنیەکانی خۆی بەرزکاتەوە. هەروەها جێبەجێکردنی ئەو بڕیارە لە ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ەوە دەستپێدەکات...

**بڕیاری ڕێگەدان بە ژنانی عەرەبستانی سعودی بۆ شوفێری بەئاسانی لەسەر پارچە زیوێک نەهاتۆتە دی، بەڵکو بەری هەوڵدان و کۆششی چارەکە سەدەیەکی ژنان و چالاکوانان و ڕابەرانی ئەو ژنانەن کە بەرەنگاری کەلتور و دەزگا ئایینی و حکومیەکان بوونەوە و قوربانیان لەپێناویدا داوە. لە لاپەرە ٣ دا، بەشێک کە ویستگەکانی ئەم خەباتە دەخوێننەوە:**

**ئەمە چەند وێستگەیەکی سەرەکیە لە خەباتی ژنانی عەرەبستانی سعودی لەو بوارەدا:**

٦ی نۆڤەمبەری ١٩٩٠: نزیکەی ٤٧ ژن توانیان شوفێری ١٣ ئۆتۆمۆبیل بکەن بەناو پایتەختی سعودیە( ڕیاز) و داوای مافی ژن بکەن بۆ شوفێری ئۆتۆمۆبیل. ئەوەش هاوکات بوو لەگەڵ جەنگی کەنداوی دووەم. لە ئەنجامدا هەموو ئەو ژنانە زیندانی کران و لەکارەکانیان دەرکران و ڕێگەی سەفەرکردنیان لێگیرا.

٢٠٠٨: هەرسێ چالاکوانی ژن (وەجیهە الحویدر، ئیبتهال مبارک و فەوزیە العیونی) کەمپینێکی واژۆ کۆکردنەوەیان کرد و ١١٠٠ واژۆی ژن و پیاویان کۆکردەوە و لەگەڵ نامەیەکدا ئاراستەی شای سعودیە عبدڵا کوڕی عبدالعزیزیان کرد بۆ ڕێگەدان بەژنان بۆ شوفێری کردن.

٢١ی مانگی مەی ٢٠١١: چالاکوان (منال الشریف) دەستگیر دەکرێت بەهۆی شوفێری کردنی ئۆتۆمبیلەکەی و هاوڕێ چالاکوانەکەشی( وەجیهە الحویدر) یش هەستابوو بە وێنەگرتنی لە کاتی شوفێری کردنیدا لە شاری الخبری سعودی. دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵی پاش چەند کاتژمێرێک ئازاد کرا. بەڵام دووبارە بۆ ڕۆژی دوایی بەهۆی سەرپێچی کردنی ڕژێم دەستگیر دەکرێتەوە. دوای ١٠ ڕۆژ ئازاد دەکرێت بە کەفالەت و پڕکردنەوەی بەڵێن کە جارێکیتر ئەو کارە دووپات، ناکاتەوە.

١٧ی جونی ٢٠١١: لەگەڵ شەپۆلی بەهاری عەرەبیدا، منال شەریف کەمپینی" خۆم شوفێری ئۆتۆمۆبیلی خۆم دەبم"ی دەستپێکرد. وە ١٠ ژنی دیکە لە شارە سەرەکیەکانی سعودیە بەهەمان شێوە شوفێریان کرد و لانی کەم یەکێک لە ژنەکان دەستگیر کرا.

ساڵی ٢٠٠٩ هەریەک لە وەجیهە الحویدر و ئیبتیهال المبارک یەکەم ژن بوون کە نامەیان ئاراستەی شای سعودیە کرد بۆ داواکاری شوفێری کردنی ژنان.

٢٨ی جونی ٢٠١١: ئەنجومەنی( الامر بالمعروف) ١٠ ژنیان دەسگیر کرد لە شاری جدە کە شوفێریان دەکرد.

٢٤ی ئۆگەست ٢٠١١: چالاکوانی ژن نەجلا الحریری دەستگیر دەکرێت بەهۆی شوفێری کردنی ئۆتۆمۆبیل لە شاری جدە.

سیپتامبەری ٢٠١١: شای سعودیەی کۆچکردوو عبدڵا کوڕی عبدالعزیز لێبوردنی ژنێک دەردەکات لە سزادانی بە( جلد) بەهۆی شوفێری کردنیەوە. هەروەها چالاکوان نەجلا الحریری بەشێوەیەکی ئاشکرا و بەردەوام شوفێری دەکات بەناو شەقامەکانی جدەدا.

٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٣: کەمپینێکی گەورە بەڕێدەخرێت بۆ هەڵگرتنی چاودێری و قەدەغەکردنی شوفێری لەسەر ژنان، هەزاران کەس واژۆ لەسەر ئەو داواکاریە دەکەن کە بۆ حکومەت نێردرابوو.

٢٩ی نۆڤەمبەر ٢٠١٣: دەستگیرکردنی چالاکوان عزیزە یوسف بەهۆی شوفێری کردنی ئۆتۆمۆبیل لە شاری ڕیاز و ئازادکردنی دوای بەڵێندان بە دووبارە نەکردنەوەی.

٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤: ئەنجومەنی شورای سعودیە ڕێگادەدات بە شوفێری کردنی ژنان لە چوارچێوەی سنووری هەندێک مەرج.

٣٠ی نۆڤەمبەری ٢٠١٤: چالاکوان لەجین الهزلول هەوڵی شوفێری کردنی ئۆتۆمۆبیلی دا لە کاتی گەڕانەوەیدا لە ئیمارات بۆ سعودیە، لەسەر سنووری هەردوو وڵات ڕایدەگرن، لە دواییدا هاوڕێکەی کە بێژەرە بەناوی میساء العمودی هەوڵی کۆمەککردنی دەدات، بۆیە هەردووکیان بۆماوەی ٣ هەفتە دەستبەسەردەکرێن و دوایی دەدرێنە دادگای( لەناوبردنی تیرۆر).

# کرێکارانی زیرۆ کۆنتراکت(سفر کۆنتراکت) سەعات کار) ژمارەیان ملیۆنێک کرێکارە

## ئامادەکردنی: سالار حەمە سەعید

سیستەمی سەرمایەداری بە خراپترین شێوە مامەڵە و ڕەفتار دەکات لەگەل کرێکاراندا ئەویش بە پشت بەستن بە تەکنۆلۆژیای مۆدێرن. مامەڵەکردن لەگەڵ کرێکاراندا لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیا ئاڵوگۆڕی گەورەیان بەسەردا هاتووە.

ئەمڕۆ کرێکاران وەک هەر شمەکێکی (یەک جار بەکارهێنراو واتە دیسپۆزەبڵ) مامەڵە و سەودایان لەگەڵدا دەکرێ. ئەو ماوە دیاریکراوەی کە سەرمایەدار پێویستیەتی بەکاریدێنێ و دواتر پاش تێپەڕبوونی ئەو کاتە دەست بەرداری دەبێت و وەک پەرداخێکی پلاستیکی کە بۆ ئاو خواردنەوە و چاخواردنەوە بەکاردێت و دواتر فڕێ دەدرێ، هەر ئاواش مامەڵە دەکرێ لەگەڵ کرێکارانی زیرۆ کۆنتراکت سەعات کار واتە تەنانەت یەک سەعات کۆنتراکتیان نیە لەگەڵ خاوەن کارەکەدا. بۆ ماوەی یەک سەعات یا چەند سەعاتێک دەخرێتە بەرکار و دوای ئەوە کۆتایی بە هەموو شتێکی دێت. هیچ مافێکیان نیە، مافەکانیشیان وەک خۆیان قابیلی فڕێدانە هەروەک چۆن خۆیان فڕێ دەدرێن پاش بەکارهێنان هەرواش مافەکانیان دیسپۆزەبڵە. ئەم کرێکارانە بەردەوام لەچاوەڕوانی تەلەفۆنێکدان بۆیان بکرێ یا نەکرێ. ئەگەر تەلەفۆنیان بۆکرا دەبێ بەومەرج و بارو ڕەوشەی کە خاوەن کار بۆی دادەنێ دەبێ سەربدات وە ئەگەر نا کارەکەی پێ نادرێ. کات دیاریدەکرێت، کەی دەست پێدەکات و کەی تەواودەبێت. پارەی پشووی نیوەڕۆی پێنادرێ، پارەی هاتووچۆی پێنادرێ، وە بەپێی خواستی خاوەن کارەکەش هەقدەستەکەی دەگۆڕێ بۆ هەمان جۆری کار، بەڵام لە شوێنی جیاواز و بارو ڕەوشی جیاوازدا. دەگونجێ بارو رەوشی کارەکەی ترس و تووڕەیی تیدابێت، بەڵام پارەی ئەوەی پێ نابەخشرێ.

ئەم جۆرە کارە و ئەم کرێکارانە هەروەک کرێکاری لەنگەرگاکانن کە لەچاوەڕوانی کەشتی یەکدان بۆ بارهەڵگرتن یا داگرتن وەیا ئەو کرێکارانەی کە لەدەوروبەری بازار وفرۆشگاکانی مەوادی خانووبەرە ڕادەوەستن تا خاوەن کارێک کارێکیان بداتێ و دەشگونجێ چەندەها رۆژ بەبێ کار بچنەوە ماڵەکانیان.

کرێکاران هەر زۆر بەئاسانی لەکارەکانیان دەردەکرێن لەڕێگەی (ئەپێکەوە) واتە ئەپلیکەیشنێکەوە کە لەسەر تەلەفۆنەکەیەتی هەر بەبێ ئەوەی خاوەن کارەکەی خۆی یا کەسێک لە ئۆفیسی کارەکەیەوە بەتەلەفۆن یا بەنامە ئاگاداری بکاتەوە هەر لەڕێگەی ئەپەکەیەوە ئاگادار دەبێتەوە ئەویش بەوەی کە ناتوانێ بچێتە سەر ئەپەکە و دەستی پێی بگات. ژیان و گوزەرانی کرێکارەکە لەژێر ڕەحمی خاوەن کارێکدایە کە هەرگیز نەبینیوەیەتی و نە هەرگیز قسەشی لەگەڵ کردوە.

بەوپێیە کرێکاران وەک کرێکاری تووڕدراو مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ و مافەکانیشیان لەگەڵ خۆیاندا تووڕدەدرێن، هیچ یاسایەکیش پارێزگاریان لێ ناکات. بۆ نموونە کۆمپانیای جیهانی (ئووبەر) کە کۆمپانیایەکی گەورەی شۆفیرییە، زۆر بەئاسانی ئەکاونتی شۆفێرەکان لەکاردەخەن و ناهێڵن دەستیان بگاتە ئەکاونتەکەیانەوە لەڕێگەی ئەپێکەوە لەکاریدەخەن وبێکاری دەکەن.

کۆمپانیای جیهانی (ئەمەزۆن) ش بەهەمان شێوە تەکنۆلۆژیا بەکاردێنێ تا بزانێ ئایا کرێکارەکانی ئەو ئامانجەی(تارگێتەی) کۆمپانیاکە هەیەتی دەیپێکێ یان نا. وە ئەگەر کرێکارەکە ئامانجەکە نەپێکێ ئەو کاتە ڕووبەڕووی لێپرسینەوە و سزادان و تەنانەت دەرکردنیش دەبێتەوە.

یەکێکی تر لەنەهامەتیەکانی کرێکارانی زیرۆ کۆنتراکت ئەوەیە کە دەمودەست هەقدەستەکەیان پێ نادرێ و دووچاری کێشەی زۆردەبنەوە تا هەقدەستەکانیان پێ دەگات. جارێ بەلانی کەمەوە مانگێک بۆ دوو مانگ دەبێ چاوەڕێ بکەن تا هەقدەستی ئەو ڕۆژە یا ئەو چەند سەعاتە وەربگرن لە خاوەن کار. وە هەندێ کات چەندەها مانگ ئەخایەنێ و یا ئەو پارەیەی پێ نادرێ کە ڕێکەوتوون لەسەری بەبیانووی جۆراوجۆرەوە. هەندێ کات هەرگیز هەقدەستی ئەو چەند سەعات کارە وەرناگرن وپێیان نادرێ. وە هیچ پەنایەکیشیان نیە کە پەنای بۆ بەرن لەبەرئەوەی نەقابە وسەندیکای تایبەت بەخۆیان نیە.

ژمارەی ئەم کرێکارانە کە بە کرێکارانی زیرۆ کۆنتراکت دەناسرێن نزیکەی یەک ملیۆنە. کاتێ کە ئامارەکان لەبەریتانیا باس لەهاتنە خوارەوەی ڕێژەی بێکاری دەکەن ئەم یەک ملیۆنە بە بێکار لەقەڵەم نادەن و بەکرێکار هەژمار دەکەن. کەلەڕاستیدا ناکرێ بە کرێکاری هەمیشەیی لەقەڵەم بدرێن لەبەرئەوەی ئەمانە کرێکاری ناوبەناون و هەمیشە لەسەر کار نین.

٢١ی سبتمبەری ٢٠١٧

**دەستڕاگەیشتنی هاوڵاتیان بەسەرچاوەکانی زانیاری، مافێکی ڕەوایە!**

# هەواڵی نارەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییەکان

**ئامادەکردنی: شوان عەزیز و ئاراس ڕەشید**

### نارەزایەتی لە فەرەنسا لە هەڵکشاندایە لە دژی هەموارکردنی یاسای کار لە لایەن سەرۆکی فەرەنساوە.

**شوفێرانی لۆری ڕێگاکان دەگرن.**

شوفێرانی لۆری لە فەرەنسا دەچنە پاڵ نارەزایەتیەکانی خەڵک لە دژی ئەو یاسایەی کە ماکرۆن، سەرۆکی تازە هەڵبژێرراوی فەرەنسا، ڕایگەیاندووە بە مەبەستی هەموارکردنی یاسای کار. وەک لە وێنەکەدا دیارە یەکێک لە شوفێرەکان کە ئاڵای (هاوپەیمانی دیموکراسی فەرەنسی بۆ سەندیکای کار) ی بەدەستەوەیە کە لە ناو شاری پاریس دایە لە کاتی ئەنجام دانی مانگرتنی نیشتیمانی دا.

کێشەی ماکرۆن لەگەڵ سەندیکاکاندا واوەتر ڕۆیی و خۆی گەیاندە شوفێرانی لۆریش. شوفێرەکان خۆیان گەیاندە سەرجادەکان و هاتوچۆی ئۆتۆمۆبیلیان ڕاگرت وەک نیشاندانی نارەزایەتی لە بەرامبەر هەمواری یاسای کار.

شایەنی باسە کە لەم ماوەیەدا یەکێتی و سەندیکای زۆرتر پەیوەست دەبن بەو کامپینەی کە لە دژی ماکرۆن بەرێخراوەو دەیانەوێت فشاری بخەنەسەر تا لەو بڕیارەی پەشیمان بێتەوە. هەروەها وای لێ بکەن کە واز لەو پلانانە بێت کە دەبنە هۆی زیتر پێدانی دەسەڵات بە کۆمپانیاکان و وەلانانی سەندیکاو یەکێتیەکان.

ئەو گۆرانکاریەی کە ماکرۆن دەیەوێت بیکات دەسەڵاتی زیاتر دەداتە خاوەن کاروو کۆمپانیاکان کە بتوان زۆر بەئاسانی کرێکاران دەربکەن و لەکاتی دەرکردنیشیاندا لەو پارەیەش کەم بکەنەوە کە دەبێت بیان درێتێ. بە پێی ئاژانسی ڕۆیتەرز ئێستا سەندیکاکان لە هەوڵی ئەوەدان کە ماکرۆن لەم بڕیارەی خۆی پەشیمان بکەنەوە. شایەنی وتنە لێرەدا کە زوربەی ئەو سەندیکاو یەکێتیانە ڕێپێوان و پرۆتستۆیان دەست پێکردووە کە لە لایەن کۆنفدراسیۆنی گشتی کارەوە ڕێکدەخران کە پێشتر کۆمۆنیستی بوو. باقی سەندیکاکانی ترلەو نیوەدا دووەرپەرێز وەستان. جادەی گشتی (ئەی وەن) لە بەشی سەرووی فەرەنسا لەنێوانی پاریس و لیلی دا بە تەوای هاتوچۆی تیدا ڕاگیرا.هەروەها جادەی (ئەی فۆر) لە بەشی ڕۆژهەڵاتی فەرەنساو جادەی (ئەی سێڤن ) لە بەشی خوارووی فەرەنسادا تەئسیریان بەرکەوت.فەرمانبەرانی بەشی خزمەتگوزاری، خانە نشینان، هەروەها خوێندکاران پلانی ئەوە دادەنێن کە لە دوو هەفتەی داهاتوودا ڕێپێوان ئەنجام بدەن.

هەروەها لە لایەکی ترەوە سەرۆکی پارتی باڵی هەرێ چەپ ( ژان لوک مەلێنچۆن) لەم



شەممەیەدا ڕێپێوان ئەنجام دەدا. پاتریک بلایس ،سەرۆکی یەکیەتی شوفێرانی لۆری ڕایگەیاند ئەوان بەردەوام دەبن لەو جۆرە ڕێپێوان و کارانە هەتا داخوازیەکانیان جێبەجێدەکەن. چونکە ئەو شوفێرانە هەقی ئەوەیانە کە بەخششی سالانە وەربگرن کە یەکسانە بە کرێی تەواوی مانگێکیان. شایەنی باسە بە پێی بڕیارەکەی ماکرۆن هەر کۆمپانیایەک ئازاد دەبێت کە چەندە بەخششی سالانە دەدات بە کرێکارەکانی. ئەوەی کە چاوەڕێ دەکرێت لەوە ناچێت کە ماکرۆن لە بڕیارەکەی پەشیمان بێتەوە، چونکە ئامانجی ئەو کەمکردنەوەی بێکاریە لە ( نۆ و نیو لە سەدا٩,٥%) (بۆ حەوت لە سەدا٧%) لە ماوەی پێنج ساڵی فەرمانڕەوایی خۆیدا. زۆر لە ڕابەرانی سەندیکاکان هیوای ئەوە دەخوازن کە ماکرۆن ئەو بڕیارەی جێبەجێ نەکات و لە لایەکەی تریشەوە ئەوە نیشانی ماکرۆن بدەن کە هێشتا سەندیکاکان بەیەکەوەن و بەهێزن.

### خەڵکی شاری مصراتە هیچی تر قبوڵی ناکەن ژیانیان هەروا خەراپ بێت..

لەبەرئەوەی ئاستی معیشەت و ژیان ڕووی لە خوارەوەیە، بە سەدان لە خەڵکی شاری مصراتە لە لیبیا بۆ نارەزایی دەربرین دێنە سەرشەقامەکان. بەسەدان لە خەڵکی شاری مصراتە ڕۆژی ٢٥-٩-٢٠١٧ ڕژانە سەر شەقامەکان کە پێکهاتبوون لە ژنان، پیاوان، منداڵان هەروەها بەساڵاچوانیش. ئەو خەڵکە بە تیکرا داوایان دەکرد کە گوزەرانیان خۆشتر بکرێت وە ڕەخنەیان لە دەسەڵاتداران و حیزبە سیاسیەکان گرت کە لەبەر کورسی و




دەسەڵات و کێشەی نێو خۆیان خەڵکیان لە بیر چۆتەوەو گرنگی بەژیانی خەڵک نادەن. شایەنی باسە ئەو خۆپیشاندانانە بە بزووتنەوەی ٢٥ ی ئەیلوول ناو دەبرێن. لە هەردووک شاری تەرابلوس و مصراتە خۆپیشاندەران وهوتاف و لافیتەیان بەرزکردبۆوە و لەسەریان نوسرابوو " ئێمە لە پێناو گۆرانکاریدا هاتووینە دەرێ" یاخود " نا بۆ دابەشکردنی لیبیا" یاخود " نەخێر بۆ حوکمی عەسکەری لە لیبیا" یان "هاووڵاتی بوونی نیە: وە چەندین شێعاراتی تر کە نیشانەی بێزاری خەڵکی لیبیایە لە دەسەڵاتی سیاسی ئەو وڵاتە.

هەروەها خەڵک داوای دەکرد لەدەسەڵات کە کۆتایی بێنێت بەو فەوزایەی کە هاتۆتە ئاراوە لە دوای ڕوخانی معەممەر قەزافیەوە. خەڵک دەیگوت کە دەسەڵات گەندەڵە، و تەنها ئاگایان لە ژیانی خۆیان هەیە. شایەنی باسە کە ئێستا لە لیبیا مووچەی خەڵک زۆر وەدوادەکەوێت، نرخی کەلوپەلەکان زۆر ڕووی لەبەرزی بوونەوەیە. خەڵک توانای کرینی نیە، هەروەها فەسادی و گەندەڵی ئیداری لە ئەوپەری خراپیدایە. شایەنی باسە کە لەم ڕۆژانەدا نەتەوە یەکگرتووەکان هانی لایەنە سیاسیەکانی ناو لیبیایان داوە کە وڵات بەرەو جێگیری بەرن وە پەنا بۆ هەڵبژاردن و دابەشکرنی دەسەڵات بەرن و ئاوڕێکیش لە جەماوەر بدەنەوە.

### چاودێری مافی مرۆڤ، داوا لە قەتەر دەکات بۆ پاراستنی کرێکارانی بیناسازی و لێکۆڵینەوە لە هۆکاری مردنی کرێکاران...!

نیۆرک/ بی بی سی.. ڕێکخراوی مافی مرۆڤ ڕۆژی ٢٧/٩/٢٠١٧ جەختیکردووە کە دەبێ دەسەڵاتدارانی قەتەر ڕێنمایی لەسەر هەلومەرجی کارکردن لە دەرەوە دابنرێت بۆ پاراستنی گیانی نزیکەی ٨٠٠ هەزار کرێکاری بیانی کە لەژێر هەڕەشەی مردندان، بەهۆی کارکردن لەدەرەوە لەکەش وهەوای گەرم و شێداری توندی ئەو وڵاتە.ڕێکخراوەکە، کە بنکەکەی لە نیۆرکە، داوای لە قەتەر کردوە بۆ لێکۆڵینەوە لە هۆکاری مردنی کرێکاران، و ڕاگەیاندنی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە، بۆئەوەی ئەو زانیاریانە ببنە هۆی دانانی ڕێوشوێنی تەندروستی گونجاو. نیکۆلاس ماک جیهان کە ئەم ڕاپۆرتەی بۆ ڕێکخراوەکە ئامادەکردوە، گوتی" شکستی دەسەڵاتدارانی قەتەری لە فەراهەمکردنی هەلومەرجی سەرەکی بۆ پاراستن لە گەرما، و بڕیاردان لە پشتگوێخستنی ڕێنوێنیە پێویستەکان لە لێکۆڵینەوە لە هۆکاری مردنی کرێکاران و ڕەتکردنەوەی ڕاگەیاندنی داتاکانی مردنەکان، واتە خۆلادانە لە بەرپرسیاریتی بە ئەنقەست".

ماک جیهان داوای لە یەکێتی تۆپی پێی جیهانی (فیفا) و یەکێتیە نیشتمانیەکان و کۆمپانیاکانی سەرپەرشتیاری جامی جیهانی بۆ ساڵی ٢٠٢٢ لە قەتەر کردوە بە فەراهەمکردنی پاراستنی زۆرتری کرێکاران لە گەرمای زۆر و شێدار لەو وڵاتەی کەنداو. ماک جیهان ئاماژەی بە وەلامدانەوەی دەسەڵاتدارانی قەتەری دا کە وەلامی ٢ پرسیاری سادە بدەنەوە ( ژمارەی ئەو کرێکارانە چەندە کە لە ساڵی ٢٠١٢وەوە گیانیان لەدەستداوە، وە هەلومەرج و هۆکاری گیانلەدەستدانیان چی بووە؟).

قەتەر یاسایەکی کاری داناوە کە لە کاتژمێر ١١:٣٠-٣:٠٠ی دوای نیوەڕۆ ساڵانە لە ١٥ی جونەوە تاوەکو ٣١ی ئۆگەست کار بوەستێت. چونکە پلەی گەرما دەگاتە سەرووی ٥٠پلەی سەدی، بەلام ڕێکخراوی مافی مرۆڤ دەڵێت ئەو کارانە کافی نین و چونکە داتای کەش و هەوا دەریخستوە کە هەلومەرجی کەش و هەوا لە قەتەر زۆر جاران لەو کاتژمێر و بەروارانە بەدەرن. وە دەگاتە ئاستێک کە دەبێتە هۆی توشبوون بە نەخۆشی کوشندە کە پەیوەستە بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرما، لە کاتێکدا کاتی نەبوونی حەسانەوەی کافی نیە. سارە لیا ویتسن، بەرێوەبەری بەشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕیکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ گوتی" پێویستە قەید و بەندی گونجاو بسەپێنرێت بۆ کارکردن لەدەرەوە، هەروەها لێکۆڵینەوە و بلاوکردنەوەی زانیاریەکان بە شێوەیەکی ڕێکوپێک لەسەر گیان لەدەستدانی کرێکاران بۆ پاراستنی تەندروستی و گیانی کرێکارانی بیناسازی لە قەتەر".وە گوتیشی" حکومەتی قەتەری لە توانایدایە کە سەعاتی کار دیاری بکات بۆئەوەی لەژێر کاریگەری پلەی گەرمای ئامن بێت، نەوەک پشت ببەستێت بە سەعات و بەروار. ئەمەش یارمەتی پاراستنی سەدان هەزار کرێکار دەدات". ویتسن وتیشی" ئەگەر ڕێکخەرانی جامی جیهانی لە قەتەر بتوان مەرجی کارکردن بەپشتبەستن بە کەش وهەوا بسەپێنن، حکومەتی قەتەری دەتوانێت هەنگاوێک بچێتە پێش لە فەراهەمکردنی پاراستنێکی زیاتری کرێکاران لە گەرما". ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ ڕوونیکردووەتەوە کە قەتەر تاوەکو ئێستا ئامارەکانی کە پەیوەستە بە مردنی کرێکاران لە ساڵی ٢٠١٢ وە ئاشکرا نەکردوە! دەسەڵاتدارانی تەندروستی لە ساڵی ٢٠١٢ دا ڕایانگەیاند کە ٥٢٠ ڕووداوی گیان لەدەستدانی کرێکارانی بەنگلادیشی و هیندی و نیپالی ڕوویداوە، لە ناویاندا ٣٨٥ کرێکار یان ٧٤% هۆکاری گیان لەدەستدانەکانیان ڕوون نەکراوەتەوە یان لێکۆڵینەوەی بۆ نەکراوە. جێی ئاماژەیە کە قەتەر سەدان کرێکاری بیانی کار لە دروستکردنی بیناسازی بۆ ئامادەکاری جامی جیهانی تۆپی پێ لە ساڵی ٢٠٢٢ دا دەکەن.

کۆمەڵەکانی مافی مرۆڤ دەڵێن کە زوربەی ئەو کرێکارانەی گیانیان لەدەستداوە، هۆکارەکەی هەلومەرجی نالەبار و سەختی کار و شوێنی کاربووە.

بۆپێشەوە FORWARD

# کلێشەو هەڵاواردن هۆکاری توندوتیژی بەدژی ژنان

**نووسینی: هەتاوی عەبدوڵاهی**

سالهای ساڵە کلێشەی ڕەگەزی و ئەدەبیاتی پیاو سالارانە بە شێوەیەکی مەترسیدار لە بیروباوەڕی تاکەکانی کۆمەڵگە بیچمی گرتووە، باوەڕ و ئەدەبیاتێکی پیاوەمەزن و دژە ژن کە ڕۆژانە لە ئاخاوتن و شێوە ڕوانین و هەڵسوکەوتی تاکەکانی کۆمەڵگە بە نسبەت ژنان خۆی دەردەخات و بە کار دەهێنرێ، ئەدەبیات و هەڵاواردنێکی ڕەگەزی کە وەک توندوتیژی ڕەوانی بە دژی ژنان لە قەڵەم دەدرێ.

سەرەڕای بوونی بزوتنەوەگەلی جۆراوجۆر لە پەیوەندی لە گەڵ لابردنی هەڵاواردنی ڕەگەزی و هەوڵ و تێکۆشانی چالاکانی بواری یەکسانی ڕەگەزی ژن و پیاو تا بە هەنوکەش ئەم بیروباوەڕ و ئەدەبیاتە دژی ژنە هەر وا یەکێک لە کێشە و گرفتە سەرەکیەکانی ژنان بە ئەژمار دێ.

بە کارهێنانی ئەدەبیاتی پیاو مەزن و دژە ژن لە ناو کۆمەڵگە ئەگەرچی لەوانەیە وەک پرسێکی ڕواڵەتی و بێ بایەخ لە قەڵەم بدرێ بەڵام ئەو کلیشانە، کە پەیوەندی ڕاستەو خۆی بە هەڵاواردنی ڕەگەزی هەیە، شوێندانەری نەرێنی لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و بەشداری ئەکتیڤی ژنان لە بوارەکانی کلتوری، سیاسی، ئابووری و بە تایبەتی پەروەردە کە ڕۆلی سەرەکی لە کۆمەڵگە دەگێڕێ دادەنێ. لە کۆمەڵگە سونەت و ئیسلامیەکان کە ڕوانگەی دواکەوتوو و خورافە زاڵە ئەم کلیشانە ساڵهایە لە لایەن سیستمی سەرمایەداری کە لە دوو ئەبزاری پاوەمزنی و ئایین بۆ چەوساندنەوە مرۆڤەکان کەلک وەردەگرێ، بەردەوام بەرهەم دەهێنرێتەوە و خۆ خزاندۆتە ناو هەموو کەلێن و قوژبنێکی ژیانی تاکەکەسی تاکەکانی کۆمەڵگە و شوێندانەری نەرێنی لە سەر ئازادی ژنان و باوەڕ بەخۆبوونی ئەم توێژەی کۆمەڵگەو بەشداری ئەکتیڤیان لە پرۆسەی سیاسی و ئابوری داناوە کە لە درێژەی بابەتەکە دەپرژێنە سەر ئەو خاڵە و شی دەکەینەوە کە بۆچی سیستمی سەرمایەداری بەرهەمهێنەری سەرەکی توندوتیژی و هەڵاواردن بە دژی ژنانە و چ سودێک لەو پرسە دەبینێ.

هەر وەک باسمان کرد کلیشەی ڕەگەزی ڕوانگە و ئەدەبیاتێکی پیاوسالارانەیە وەکو لکاندنی ئەخلاقیاتێکی ئیسلامی و عەشیرەیی و دواکەوتوو بە دژی ژنان ڕەوا دەکرێ و پێگەی ژێردەستەیی ژن و بالا دەست بوونی پیاو پێناسە ئەکات. ئەم ڕوانگە و بۆچوونە بە داخەوە مێژوویەکی دوورو و درێژی هەیە و هەڵاواردنێکی بە ئاشکرا بە دژی نیوەی کۆمەڵگەیە کە خۆی لە نوسین و گوتاری ڕۆژانەی تاکەکان دا دەبینێتەوە و سەرچاوەی سەرەکی هەموو ئەو کلیشانە، کلیشە یاسایەکانن، یاساگەلێکی ئیسلامی و عەشیرەیی کە لەلایەن سیستمی سەرمایەداری بە ئامانجەوە پەسند دەکرێ تا دووبەرەکی بخاتە ناو کۆمەڵگە و ژنان لە بازاری کار و



بەرهەمهێنان دوور بخاتەوە و ئەرکی منالداری و کاری ناو ماڵ بە ژنان بسپێری وەکوو کریکارێکی بێ موچە بە بێ هیچ چاوەڕوانیەک خزمەت بە سیستم سەرمایەداری بکات. هەر وەک ئەزانین هەر وڵاتێک دەبێ لە چوارچێوەی بەرنامە وپلانی خۆیدا یاسای هاوچەرخ و پێشکەوتوو بۆ جۆر و شێوەی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی و دانوستان و گفتوگۆ لەگەڵ شارومەندانی مەدەنی دابمەزرێنێ. بە پێچەوانەوە ڕژیمە دیکتاتۆرەکان لە یاسای بنەڕەتی بۆ سەپاندنی هێژمۆنی خۆیان و پێشێلکردنی بە ئاشکرای ماف و ئازادیە تاکەکەسیەکانی هاووڵاتیان کەلک وەرگرن و بە شێوەی یاسایی و سیستماتیک هەر بە یاسا و ریسا دژی ئینسانیەکانیان پاساوی بێ بنەمای بۆ چەوساندنەوەی شارومەندان دێننەوە کە دەتوانین ئاماژە بە یاسای وڵاتانی ئیسلامی و عەشیرەت سالاری وەکوو ئێران، عێراق ، ئەفغانستان و هتد... بکەین وەکو و یاسای تەلاق، مافی شارومەندی، مافی سەرپەرشتی منداڵ، مافی پۆشین و جل و بەرگ و زۆر یاسای دژە مرۆڤی و تەنانەت سزا ئیسلامیەکانە کە ڕەوایی بەخشیوە بە چەوساندنەوەیان و ئازادی ژنان پێخوست دەکات، دەبێ بڵێین هەموو هەوڵی ئەو سیستەمە لە پەراوێز ڕاگرتنی ئەو ڕەگەزەی کۆمەڵگەیە سیستمی سەرمایەداری بۆ چەوساندنەوەی ژنان کەلک لە هەموو ئامرازێک وەردەگرێ وەکوو ڕاگەیاندن کە ڕۆکنی چوارەمی دەسەڵاتە و نەقش و ڕۆڵی گرینگی هەیە و یاخود پەروەردەی ناسالم و ناتەندروست کە تاکەکان بە ڕوانگەیەکی نامرۆڤانە وهەڵاواردن ئامێز پەروەردە دەکات. دیاردەی هەڵاواردنی ڕەگەزی خەسارێکی بەرینی جیهانییەو هەر بەو هۆکارە بنبرکردنی پێویستیی بە خەباتێکی جیهانیە. خەبات و هەوڵدان بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن و ئەوەی کە مرۆڤەکان بە پێی ڕەگەز دەستەبەندی نەکرێن و هەر بەو بیانووە نەکەونە بەر ئازار و هەرەشەو توندوتیژی پێویستی بە نەزم و نۆرمێکی تازە هەیە و بێ گومان دەبێ هەموو توانایی خۆمانی بۆ بخەینە گەڕ. هەڵاواردن و چەوساندنەوەی ژنان ساڵهای ساڵە وەک پڕئازارترین نەخۆشییەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی خۆی دەرخستووە و ئەم خەسارە لە کۆمەڵگا دواکەوتوو و ئایینیەکان کە ئیسلام و یاسا ئیسلامییەکان ڕۆلێکی بەرچاو و چارەنووسساز لە سیستمی ئیداری و حکومەتییەکەیدا دەگێڕن و شوێندانەری نەرێنیان لەم پەیوەندیە دا هەیە، بە شێوەی بەردەوام بۆ سەر ژنان ڕەوا دەکرێ و بەرێوە دەچێ. لە ناو ئەم کۆمەڵگەیانە دا ئەم پرسە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەو لە ژیانی تاکەکەسی ژناندا وا پنجی داکوتاوە کە وەک خەسارێکو دیاردەیەکی لێهاتووەو بوتە پرسێکی ڕواڵەتی بۆ هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگە. لە ناو ئەم کۆمەڵگەیانەدا سووکایەتیکردن و بە کەم گرتنی ژنان هەر ڕۆژە سیمای دزێوو بێ بەزەیی خۆی زیاتر نیشان دەداتو میوانی شەو ڕۆژی ساتەکانی ژنانە. هەڵاواردنی ڕەگەزی توند تێژیەکی بە ئاشکرایە و واتایەکی دیکە توندوتیژی تەنیا لایەنی جەستەیی بۆ سەر ژنان لە خۆ ناگرێ، بەڵکوو توند وتێژی ئابووری، توند وتێژی بنەماڵەیی و توندو تیژی هزری و پەروەردەییی و هتد... دەگرێتەوە.

**ژنان دەتوانن بە ناسینی مافەکانی خۆیان، خەبات بە دژی هەڵاواردن بکەنو بارودۆخەکە بگۆڕن.**

لە سەرتاسەری جیهان و لە ڕادەی جۆراوجۆر دا ئەم دیاردە دژە مرۆڤایەتیە، چ بە شێوەی لێدان و سووکایەتی پێ کردن، دەستدرێژی جنسی و باقی جۆرەکانی توند و تیژی جەستەیی خۆی دەردەخات و دواتر ئاسەوارە نیگەتیڤەکانی لەسەر ڕوح و ڕەوانی ژنان خۆی دەنوێنێ. سیمای دزێوی توند وتیژی، لە ئازارو ئەشکەنجەی ژنان لە کاتی منالییەوە دەست پێدەکات و لەهەر زەمەنێک دا بە سەرەنجدان بە پێکهاتەو بارودۆخی ژنان لەناو کۆمەڵگە دەگۆردرێو پێناسەی چەشناو چەشن لە خۆ دەگرێ.

کلیشە و هەڵاواردنی ڕەگەزی تایبەت بە نیزامی چەوسێنەری سەرمایەداری‌و نابەرابەریەکە کە مانەوەی لە گرەوی هەڵسو کەوتی توندوتیژ بە دژی مرۆڤەکانە.

ساحیبانی چەوسێنەر و داگیرکەری ئەم نیزامە گەندەڵە دژە مرۆڤیە بۆ مانەوەی خۆیان پێویستیان بەم دیاردەیە هەیە تاکوو دوو بەرەکی بخەنە ناو تاکەکانو لە دواکەوتووی کۆمەڵگەکانو لەم کردەوانە بە قازانجی خۆیان کەڵک وەربگرن. بە قازانجی نیزامی سەرمایەداریە تا لە سەر بنەمای ڕەگەز، ڕەنگو نەتەوەو هتد... مرۆڤەکان دەستەبەندی بکەنو بۆئەوەی چینە ژێردەستەو هەژارەکان لەبەرامبەر ناعەداڵەتی‌و زوڵم و ستەمەکانی سەرمایەداران یەکگرتوو نەبن تووی دوو بەرەکیان لە نێوان دا دەچێنن‌و پەرە بە توندوتیژی و هەڵاواردن لە نێوانیان دەدەن.

دەسەڵاتو ساحیبانی سەرمایە بۆ دابینکردنی قازانج و بەرژەوەندی خۆیان، ژنانیان وەک کۆیلەی ئایین، مەزهەب، پیاوسالاری‌و سیستم لێکردووە وبە ئامانجەوە لە دژی هەر جۆرە بەرابەری‌و یەکسانی‌و خەبات بە دژی بێ مافی ژنان ڕادەوەستن.

کرێکارانی ژن کە لە سەرتاسەری جیهان بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیانو منالەکانیان لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەو گیروگرفت دەستەو یەخەن، ناچارن بەو حەقدەستە کەمەی وەریدەگرن، مل بە سەعاتی کاری تاقەت پڕوکێن لە دەرەوەی ماڵ بدەنو ئەگەر شانسی ئەوەیان هەبێ کارێکی باش لەناو کۆمەڵگە بە دەست بێنن، لەشوێنی کارەکەشیان بەردەوام بەهۆی ژن بوونیانەوە لەلایەن ساحێبکاران و هاوکارەکانیان سوکایەتیان پێدەکرێ.

وا پێدەچێ بەردەوامی ئەم کلیشە و هەڵاواردنانە بۆ ژنان وەک پرسێکی ڕواڵەتی لێهاتبێ، ئێمە شایەتی ئەوەین کە قوربانیانی کردەوەی توندوتیژی باوەڕ بە خۆ بوونیان لەدەست دەدەنو لە هەڵوێست گرتنو بەرگریکردن لە خۆیان تووشی دوو دڵی و دڵەڕاوکێ دەبن، ئەوان پێیانوایە جیهان هەر بەو شێوە بووەو دەبێ هەر وا بمێنێتەوە کە ئەوە ئامانجی سەرەکی ساحیبانی سەرمایەیە.

بەڵام ئەوە چارەنووسی ژنان نیە، بەڵکوو ئێمە دەتوانین لە بەرامبەر ئەو خەسارەدا ڕابوەستین. ژنان دەتوانن بە ناسینی مافەکانی خۆیان، خەبات بە دژی ئەم هەڵاواردنانە بکەنو بارودۆخەکە بگۆڕن. ئەم ئاگایی‌و وشیاریە دەتوانێ هەنگاوێک ژنان بەرەو پێشەوە بەرێو ناسینی هۆکارو بنەمای ستەمو توندوتیژی بە دژی ژنانو ئەوەی کە نیزامی سەرمایەداری لە برەوپێدانی ڕۆڵ دەگێڕێ، ئاسۆیەکی تازە بۆ بەشێک لە ژنان و ڕزگاریان بکاتەوە.

لەکۆمەڵگەیەک دا کە فەرزێنی یاساییە، ژنان بۆ چەند کاتژمێر بۆ دامرکاندنەوەی هەستی سێکی ڕەگەزی بەرامبەریان سیغە دەکرێن، یان ژنان زۆر بە سادەیی لە مافی دایکیەتیو سەرپەرشتی منالەکانیان بێبەشن، بە ئاسانی توندوتیژی بە دژی ژنان ڕەوا دەکرێ و وەک پرسێکی ڕواڵەتی سەیری دەکرێ لە کۆتایی دا بەو ئاکامە دەگەین کە زەروورەتی بەرردەوامیی ئەم هەڵاواردنانە تەنیا و تەنیا بە قازانجی حاکمانی سەرمایەیە.

تا ئەو کاتەی کە نیزامی چینایەتی سەرمایەداری بوونی هەبێو لەسەر پێ بێ ، دژە ژنیو پیاوسالاری لە ناو کۆمەڵگەدا هەر بەردەوامەو داوکێکارانی مالکییەتی خسوسیو نیزامی سەرمایەداری لە هەر ژێستو پۆزێکی دیموکراتیکدا ناتوانن بنەماکانی ئەم هەڵاواردنانو بیمافیانە لە ناو بەرن. هەر بەو هۆکارەیە کە لە سەدەی بیستو یەکەمەداو تەنانەت لە وڵاتانی سەرمایەداری‌و بەناو پێشکەوتووش ژنان دەکەونە بەر ئازارو هەرەشەو هەموو جۆرەکانی توندوتیژی.

ڕزگاری‌و بەرابەری ژنو پیاو لابردنی هەرجۆرە هەڵاواردنێک بەدژی ژنان کاتێک مسۆگەر دەبێ، کە لە ڕوچنەی نەمانی مەودای چینایەتی لێ‌بروانینو خەباتی بیوچانی بۆ ڕیکبخەین.

# نەخێر بۆ ریفراندۆم هەمان ڕەوایی بەڵێی هەبوو بۆ ریفراندۆم...

## نووسینی: شوان عەزیز



ئەم شێوە حوکمدانە ڕەنگە مایەی شۆک بێت بۆ هەندێک لە خەڵکی کوردوستان، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی کە بەدوای ئەو لایەنە سیاسیانەوەن کە بە گەرمی بەڵێ یان بڕیاریاندا، و بەتایبەتی تر بە لای ئەوانەوە زیاتر مایەی شۆکە کە لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردوستانن.

ئینکاری ئەوە ناکرێت کە هەر تاکێکی کورد زۆر دەمێکە عەودالی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆیە. ئەم تامەزرۆییەی گەلی کورد بۆ سەربەخۆیی ئەنجامی خراپی مامەڵەی سیستەمی سیاسی گەلی سەردەست بووە لە بەرامبەر خەڵکی کوردستاندا. بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لە دژی خەڵی کوردوستان، پرۆسەی بە ئەنفال کردنی خەڵکی کورد، ڕامالینی شارو گوندی کورد و بە تەعریب و تەبعیس کردن؛ وسەپاندنی بارودۆخێکی نا دیموکراتی و نائینسانی و ڕەگەزپەرستانە بە سەر خەڵکی کوردوستان دا. مامەڵە لەگەڵ خەڵکی کوردوستان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە لە بەر کوردبوونیان و چەندین هۆی دیکتاتۆریانەی تریش بەشێکی زۆری خەڵکی کوردوستانی گەیاندە ئەو بڕوایەی کە ئیتر حوکمی خۆیی کوردی پێویستیەکی حەتمی و کوردانەیە ودەبێت بێتە دی. تەنانەت هەندێک لە خەڵکی کوردوستان هەمیشە وتەکەی نوسەری تورک ئیسماعیل بێشکچیان دووبارە دەکردەوە کە خەراپترین حوکمڕانی خۆیی کوردی باشترە لەوەی کە بێگانە حوکمت بکات. ئەم عەقڵیەتە وای لە حوکمڕانی و دەسەڵاتی کوردی کردووە کە بە ئارەزووی خۆیان حوکم بکەن، وە گوێ نەدەن بە ئەوپەڕی گەندەڵی سیاسی و ئیداری. چونکە حوکم ڕانی خۆمانەو بێگانە حوکممان ناکات.هەر چۆنێکی بێت باشترە لە بەعس، بەکورتیەکەی ئیستغلالکردنی ئەو تەوەهمە ناسیۆنالستیەی خەڵک، دەسەڵاتدارانی کورد لەسەری بەدەسەڵات وهێزی خۆیان گەیشتوون.

بەڵام لە لایەکی ترەوە خەڵکی کوردوستان هەلی ئەوەی بۆ هاتە کایەوە کە لە دوای پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراقەوە حوکمی خۆیی کوردی ببینێ و مومارەسەی بکات. گومانی تێدا نیە کە لە دوای ڕاپەڕینەوە کوردستان دەسەڵاتی کوردی خۆیی هەیە، و بە تایبەتیش لە دوای نەمانی سەدام وە. ئیتر لە کوردوستان دا حکومەتێک هەیە بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەم حکومەتە بە ناوی حکومەتی کوردی و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، و بە ناوی خەڵکی کوردوستانەوە لە سەرەتای نەوەتەکانەوە حوکمڕانی کوردستان دەکات. ئەم حکومەتی کوردستانە بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی پارتی و یەکێتی، و بە بەشداری زوربەی لایەن و حیزبە سیاسیەکانی کوردستانەوە بۆ چەندین دەیە دەبێت حوکمی کوردستان دەکات. خەڵکی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی ئەو حکومەتە کوردیەی خۆیاندا خاوەنی پەڕلەمانی خۆیان بوون و چەندین جاریش بەشداری دەنگدانیان کردووە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان بۆ ناو پەڕلەمان.

ڕەخسانی ئەم هەلە بۆ خەڵکی کوردستان کە مومارەسەی حوکمی کوردی خۆیی بکات، زۆر شتی لە سەر ئەرزی واقیع بۆ خەڵکی کوردستان ئاشکرا کرد. لەماوەی دووروودرێژی حوکمڕانی دەسەڵاتی خۆیی کوردیدا ئەم دەسەڵاتە خۆییە کوردیە نموونەیەکی حوکمڕانی وای نیشانی خەڵکی کوردستان دا کە ئیتر زۆرێک لە خەڵکی کوردستانی بە سەدوهەشتا پلە پێچەوانە کردەوە، و پەشیمان بوونەوە لەوەی کردیان لە پێناوی پێکهێنانی ئەو حکومەتە خۆییە کوردیەدا. دەمو چاوی ئەو حکومەتە، و کاربەدەستانی سەرەوەی ئەم دەسەڵاتە کوردیە بەجۆرێک ناشیرین بوون لای خەڵک کە بە ئاشکرا لە خۆپیشاندانەکاندا(١٧ی شوبات و ساڵی پاری مامۆستا و فەرمانبەران) هاواریان دەکردو هیوایان دەخواست بۆ گەڕانەوەی دەسەڵاتی سەرکوتگەری پێشووتر. ئەمە بە ڕاستی شۆک بوو.

ئا لێرەوەیە کە من پێم وایە :

ئەوانەی کە بە بەڵێ دەنگیان داوە بەو ڕیفراندۆمە، دیارە بۆ سەربەخۆیی کوردستان، چەندە ئەوانە دڵسۆزن بۆ کوردستان و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، ئەوانەی تریش کە بە نەخێر دەنگیان داوە حەتمەن ئەوەندە دڵسۆزن بۆ مەسەلە نیشتیمانی و نەتەوەییەکەی. بە واتایەکی تر چەندە ئەوانەی کە بەڵێیان نیشان داوە خائینن بە کوردو مەسەلەکەی ئەوانەی تریش کە بە نەخێر هەڵوێستیان هەبووە هەر ئەوەندە خائینن. واتە لەو نێوەداو لە نێو ئەو پرۆسەیە مێژووییەدا هەردووکیان هاوتاو یەکسانن وە یەک ئامانجیان هەبووە.

بەرەی بەڵێ بۆ سەربەخۆیی، بەڵێی لێ نەداوە بۆ هیچ حیزب و سەرکردە و بەرپرسێکی حیزبی یا بنەماڵەیی. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ئەو بەڵێیە، بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بووە. بەڵێ بووە بۆ ڕزگاربوون لە دەستی حوکمڕانی دژەئینسانی ڕەگەزپەرستی چەندین سەدەیی بێگانە. بەڵێ بووە بۆ دووبارە نەبوونەوەی کارەساتە دڵتەزێنە نا ئیسانیە مێژووییەکان کە لە دژی خەڵکی کوردوستان ئەنجام دراوە. هیچ کەسێک بەڵێی بۆ هیچ بەرپرس و سەرکردەیەک لێ نەداوە. بەڵێ بووە بۆ دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان یەکجارەکی کە ئیعتیڕافی نێو دەوڵەتی لەسەر بێت.

نەخێری بەرەی نەخێریش لە دژی دەوڵەتی سەربەخۆیی نەبووە، بەڵکو نەخێر بووە بۆ دەسەڵاتێکی کوردی خۆیی کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای نەوەتەکان و بەردەوام بوونی تاکو ئێستای. مێژووی ئەو دەسەڵاتە کوردیە و کارنامەی چەندین دەیەی حوکمڕانی بەسەر خەڵکی کوردستانەوە، و هیچ لەباراندا نەبوونی وای لە خەڵکی کرد کە ڕەتی بکاتەوە ئەم حکومەتەی نەوێت.

حکومەتی کوردستان لە ماوەی زیاتر لە بیست و شەش ساڵی حوکمڕانی بە داهاتێکی یەکجار زۆرەوە نەیتوانیبێت سادەترین خزمەتگوزاری بۆ خەڵکی ئامادە بکات هەقی ئەوەیە باروبنگەنەی بپێچێتەوە. حکومەتێک ئەم هەموو گەندەڵیە ئیداریەی تێدابووەو ئێستاش بەردەوامە ( دیارە بە قسەی خۆیان و ئەو بەڵگانەی خۆیان لە دژی یەکتر نیشانی دەدەن) و نەوت دەفرۆشێت و پارەی موچەخۆرانیشی نیەو باس لە ئازادی دەکاو هەر ڕۆژەش ڕۆژنامەنوسێک تیرۆردەکرێت و تاوانبارانیش ئاشکراو بە نوێژی نیوەڕۆ دێن و دەچن. ئەم حکومەتە ئیتر خەڵک نایەوێت. بۆیە نەخێر بۆ دەوڵەتی سەربەخۆیی نەبووە، بەڵکو نەخێر بووە بەو سیستەمە زاڵمە و مشەخۆرە .

ڕیفراندۆم بە واتای دەنگدانی خەڵک لەسەر مەسەلەیەک کە خۆی دەیەوێت. هەموو هەڵبژاردنەکان لە سەرەتای نەوەتەکانەوە تاکو ئەوەی دوایی، خەڵک چووە سەر سندووقی دەنگدان و خۆیان نوێنەرو کەسی خۆیان دیاری کرد، بەڵام لەم هەموو هەڵبژاردنانەدا بۆ یەک جاریش گوێ لە دەنگی خەڵک نەگیراو لە پشتی خەڵکەوە لە ژووری مەکتەب سیاسیەکاندا کورسیەکان دابەش دەکران. کەواتە ئەمەش خاڵێکی ترە کە خەڵک گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی کە بڵێ نەخێر بۆ دەنگدان لەسەر هەر مەسەلەیەک، چونکە گوێیان لێ ناگیرێت. بۆنموونە لە ساڵی ٢٠٠٥ دا ڕیفراندۆمیکی نا فەرمی کراو نزیکەی ٩٨٪ ی خەڵک دەنگی بە جیابوونەوە دا بەڵام دەنگەکانیان لە بەغدا ساتو سەودایان پێوە کراو، پۆستیان پێ وەرگیران. بۆیە خەڵک هەقی خۆیەتی بڵێ نەخێر بۆ پرۆسەی دەنگدانی ئێوەو نەخێر بۆ دەسەڵاتی ئێوە.

کەواتە : نەخێری خەڵک بۆ ئێوەی دەسەڵاتدار بووە نەک نەخێر بووبێت بۆ جیابوونە، و دەوڵەتی سەربەخۆ. بەڵێیە کەی بەرەی بەڵێیش حەتمەن بەڵێ نەبووە بۆ دەسەڵاتی ئێوە و مانەوەی ئێوە بەم شێوەیە، بەڵکوو بەڵێ بووە بۆ دەرباز بوون لەو کێشە گەورەیەی کە ناوی کێشەی نەتەوایەتی کوردیە لە گەڵ دەسەڵاتدارانی حکومەتی ناوەندا، کە چەندین سەدەیە وجودی هەیە. بە لێ بووە بۆ جیابوونە و سەربەخۆیی تاکو ئەو مەسەلەیە هیچیتر لەلایەن دەسەڵاتەوە مامەڵەو سازشی پێوە نەکرێت بۆ بەرژەوەندی تایبەت و حیزبی و کەسی، خێزانی، قەبیلەیی و حیزبایەتی...

# بەریتانیای برێگزت لەسەر سایدی هێواش لێدەخوڕێ

## سالار حمەسەعید

گەشەی ئابووری لە بەریتانیا بەرەودواوە دەچێت، بەپێی ئامارەکان بەریتانیا تەنانەت کەوتۆتە دوای ئیتالیاشەوە لە ڕووی گەشەی ئابووری یەوە.

ئەڵمانیا و فەرەنسا پێشرەوی دەکەن لەگەشەی ئابووریدا و گەشەی ئابووری بەریتانیا بەرێژەی لەسەدا یەک بەشەلەشەل لەساڵی داهاتوودا دەچێتە پێشەوە. گەشەکەی کەمترە لەوەی پێشبینی کراوە کە گوایا بە لەسەدا ٨,١ گەشەدەکات ئەمە بەپێی ئامارێکی ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری وگەشەکردن لەساڵی ٢٠١٦دا وە ئەمە ڕیکۆردی کەمترین گەشەی ئابووری ولاتە گەورەکانی وەک ئەمریکا و یابان و ئەڵمانیا و فەرەنسا وئیتالیا و کەنەدایە. تەنانەت ئیتالیا کە لەچنگی قەیرانی مالی دایە و موبتەلایە بە ڕێژەیەکی گەورەی بێکاری ولەداوی سیستەمێکی سیاسی پڕ ئاشوب پڕ هەرج ومەرج دایە، لەئیستادا پێشبینی دەکرێ کە ئابووری یەکەی لە بەریتانیا باشتر و پایەدارتر گەشەدەکات.

برێگزت شۆکێکی گەورەیە.

لەسەدا ٥٢ ی خەڵکی بەریتانای بەپێی ئامارەکان پێشبینی دەکەن کە بارو ڕەوشی ئابووری بەریتانیا خراپتر دەبێ لەساڵی داهاتوودا، تەنها لەسەدا ٢١ ی خەڵک لەو باوەڕەدان کە بارو ڕەوشی ئابووری باشتر دەبێت.

زۆرترین بەرزبوونەوەی نرخ و بەهای شتوومەک لەدوکان وبازارەکان دا.

لەمانگی ڕابردوودا ئیجگار زۆر نرخەکان هەڵکشان لەبازاڕو دوکانەکاندا بەرێژەی لەسەدا ٢,٣ و ٣,٣ شتوومەکی ناخۆراکی بەرزبۆتەوە کەبەرزترینە لەچارەکە سەدەی ڕابردووەوە.

لەگەڵ هەڵاوسانێک بەرێژەی لەسەدا ٩,٢ کە بەرزبوونەوەی هەق دەست ومووچەی زۆر تێپەڕکردوە و فشاری هێناوە بۆ ملیۆنەها خەڵکی ئەم وڵاتە و گوشاری خستۆتە سەر ژیان وگوزەرانیان.

بانکی ئینگلتەرەش بڕیارە بەهای سوود بباتە سەرەوە لەمانگی نۆڤەمبەردا بەرێژەی لەسەدا ٢٥,٠ وە.

پێشبینی دەکرێ کەبەریتانیا لە ساڵی ٢٠١٨ دا زیاتر گەشەی ئابووریەکەی خاوبێتەوە وکەمتر گەشە بکات.

ڕێژەی بێکاری بۆتە کەمتر لەسەدا ٤,٥ واتە هاتۆتە خوارەوە، بەڵام ڕێژەی بەرهەمهێنان لاواز و مووچە هەقدەست گەشە ناکات لەبەرزبوونەوەدانیە.

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بباتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەکگرتوویتان، بەردەوام ئاگاداری بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سیبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەوەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەوڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنیەکان... بە ئێمە بگەیەنن... بۆپێشەوە، دەنگی سازشهێنەگرو سەکۆی ڕاستبێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

www.bopehsawa.net / ماڵپەری بۆپێشەوە / bopeshawa@gmail.com

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# ئیرادەی خۆمان و هاوپشتی ئەنتەرناسیۆنالیستی باشترین پەنایە!

## نووسینی: ڕێبوار ئەحمەد



سەرئەنجام دوای ئەو هەموو گوشارەی لە ئاستی ناوخۆیی و ناوچەیی و جیهانیدا بۆ بەرگرتن لە ڕیفراندۆمی خەڵکی کوردستان خرانەکار، ڕیفراندۆم ئەنجامدرا و پێداگری لەسەر جیابونەوە و دەوڵەتی سەربەخۆکرا. بەڵام بەدوای ئەمەدا دەسەڵاتدارانی ناسیۆنال-شۆفێنست و تائیفەچی هەروەها دەوڵەتانی سەرکوتگەر و کۆنەپەرستی دەوروبەر و ناوچەکە و جیهان، ڕاشکاوانە ڕادەگەیەنن کە خەریکن چەقۆکانیان بۆ ملی ئەو خەڵکە تیژدەکەن. خەڵکێک کە تەنها تاوانی ئەوەیە دوای دەیان ساڵ لە ستەم و سەرکوت و کارەسات، بڕیاری لەسەر ئایندەی دڵخوازی خۆی داوە. ئەوەی لەم نێوەدا لە هەموان زیاتر جێگای نەفرەت و شەرمەزارکردنە، هەڵوێستی ریسوای ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتوەکانە. ئەو ئەنجومەنەی کە ڕیاکارانە لەژێر ناوی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئاسایشی دنیادا هەر ڕۆژەی لە گۆشەیەکی ئەم جیهانەدا ئاشوبی جەنگ و میلیتاریزم و کوشتاری بە کۆمەڵ بەرپا دەکات بۆ نائاسایش کردنی دنیا. بە گرتنەبەری هەڵوێستێکی دژی ئینسانی و دژە مافی مرۆڤ و تەنانەت دژە دیموکراسیەکەی خۆیان، هەوساری هەموو کۆنەپەرستان و ملهوڕانی ناوچەکەی پچڕاند بۆ نیشاندنی کەڵبەی خوێناوی بە خەڵکی کوردستان. دەرگای خستە سەرپشت بۆ تائیفەچیەکانی وەکو عەبادی و مالکی و پەرلەمانی بەغدا و دەوڵەتی ئەردۆگان و ئاخوندەکانی ئێران، تا پێشبڕکێ لەسەر سزادانی خەڵکی کوردستان بکەن. بەڵام ئەگەر ئەم هەڵوێستەی ئەنجومەنی ئاسایش تەنها ئەو ڕاستیەی بۆ خەڵکی کوردستان ڕوونکردبێتەوە کە بە پێچەوانەی ئەوەی ساڵەهایە حزبە ناسیۆنالیستە کوردەکان مێشکی خەڵکی کوردستانی پێ دەشۆرنەوە و گوایە دەوڵەتانی زلهێز و کۆنەپەرست و ئەنجومەنی ئاسایشەکەیان دۆستی خەڵکی کوردستان و مافی مرۆڤن، لە ڕاستیدا ئەوان لە پشتی هەموو بەربەریەت و وێرانکاری و کوشتاری مرۆڤایەتیەوەن لەسەراسەری جیهاندا، ئەوکات بە بڕوای من خەڵکی کوردستان نەک زەرەر بەڵکو قازانجێکی گەورەی کردوە. قازانجی ئەوەی کە لەبەرامبەر خۆشباوەریەکی گەورە بەرچاویان ڕۆشندەبێتەوە و بارێکی گران لەسەر شانی خەباتی ئەم خەڵکە لادەبات. ئەمەش هەوێنی خەباتێکی ئازادیخوازانەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئازادیخوازانە.

ئەمرۆ خەڵکی کوردستان بەرامبەر تەحەدیەکی گەورە ڕاوەستاون بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ڕیفراندۆم. دەسەڵاتدارانی فاشیستی قەومی و ئیسلامی عێراق یەک لە دوای یەک بڕیاری گەمارۆدان و برسیکردن و هەڕەشەکردن لە دژی خەڵکی کوردستان دەردەکەن. تورکیا و ئێرانیش بە هەمان ئاراستە کەوتونەتە خۆ بۆ گرتنەبەر و تاقیکردنەوەی جۆرەها گوشار و هەڕەشەی دژی ئینسانی. ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردیش لەلابەلای لێدوانەکانیاندا دەریدەخەن دیسانەوە تاقە ڕێگایەک کە بیری لێدەکەنەوە بۆ بەرەنگاری ئەو هەڕەشانە دەست بەدامانی دەوڵەتانی زلهێز و تەقەدانە لە دەرگاکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو دەوڵەتانە. ئەم ڕێگایەش بۆ خەڵکی کوردستان ئاشنایە، ئەوانەی ئەم ڕێگایە دەگرنەبەر، دەبێ گوێی خۆیان بخەنە مشتی ئەو دەوڵەتانەوە و بڵێن ئێمە "ئازاین چەکدارمان بکەن و بەکارمان بهێنن" دروست بەوجۆرەی دۆنالد ترامپ وتی. بێگومان وەکو هەمیشە ئەگەری ئەوەش لە ئارادایە ئەحزاب و ڕابەرانی ناسیۆنالیستی کورد چ لە پێناو مەرامەکانی خۆیاندا بێت یان لە ژێر گوشاری دۆستە ملهوڕە ئەمپریالیستەکانیان، لەسەر و ئیرادەی خەڵک و بڕیاری خەڵکەوە، ئەنجامی ڕیفراندۆم بکەن بە کارتی سات و سەودا. لەم بارەیەوە نابێ ئەوان بە هیچ جۆرێک جێگای باوەڕ و متمانەبن. دەبێ ئەو پەیامە مەحکەمە لە خەڵکی کوردستان وەرگرنەوە کە بە هیچ جۆرێک مافی ئەوەیان نیە لەسەر و ئیرادەی خەڵکەوە هیچ سات و سەودایەک بە بڕیاری ئەم خەڵکەوە بۆ سەربەخۆیی بکەن.

بێگومان ئەمە مانای ئەوە نیە کە بنەڕەتەوە گفتوگۆ بە هەموو جۆرێک ڕەتبکرێتەوە. گفتوگۆ دەکرێت بەشێک بێت لە پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، لەم بارەیەوە هەر شەڕ و کوشتار و کارەسات و گوشارێک لەسەر ژیانی خەڵک کە بکرێ بە ڕێگای سیاسی و گفتوگۆ بەری پێبگیرێ، بە قازانجی هەموو خەڵکە و بەبێ دوودڵی دەبێ هەنگاوی پێویستی بۆ هەڵگیرێت. بەڵام ئەوەی کە دەبێ پێداگری توندی لەسەر بکرێت؛ یەکەم/ هیچ داشکانێک لە بڕیار و خواستی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ جێگای باس نیە و مەشروعیەتی نیە. دووەم/ هەر جۆرە بەندوبەستێکی ژێربەژێر و پشتی پەردە مەحکومە، هەر گفتوگۆیەک بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری ڕیفراندۆم پێویست بێت، دەبێ ئاشکرا و ڕاشکاو و لەلایەن نوێنەرانی خەڵکەوە ئەنجام بدرێت. بەر لەوەی هیچ ئیقدامێکیش بکرێت دەبێ بابەتی گفتوگۆ و هەڵبژاردەکان لە ئاستی گشتیدا ڕابگەیەنرێن بۆ ڕای گشتی و گفتوگۆی کراوەیان لەسەر بکرێت.

بەڵام بەدەر لەوانە و بەدەر لەو ڕێگایانەی کە ناسیۆنالیزمی کورد وەکو هەمیشە پەنای بۆ دەبات لە بەرامبەر ئەو هەڕەشە و گوڕەشانەی دەسەڵاتدارانی بەغدا و دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان ڕووبەڕووی خەڵکی کوردستانیان کردوەتەوە، خەڵکی کرێکار و ئازادیخواز و ستەمدیدەی کوردستان دەرگایەکی زۆر فراوانتر و کاریگەرتر و سەربەرزانەتر و جێگای متمانەتریان لەبەردەمە. ئەویش خەڵکی ئازادیخواز و بەشەریەتی موتەمەدن و بزووتنەوە کرێکاری و ئازادیخواز و سۆسیالیست و ئینساندۆستەکانی سەرتاپای جیهانە. ئەوان هیچ باجێک لە خەڵکی کوردستان داوا ناکەن چونکە ئەوان لە ئینسانیەت و ئازادیخوازیدا خۆیان بە هاوچارەنوس و هاوخەباتی خەڵکی کوردستان دەزانن. ئەمرۆ کاتی ئەوەیە ڕوبکرێتە ئەم جیهانی شارستانیەتە و بانگەواز بکرێن بۆ بەپیرەوە هاتنی خەڵکی کوردستان، ئەم هێزە ئەگەر بجوڵێ دەتوانێ ئەنجومەنی نائاسایش و میلیتاریزمی ئەمریکا و زلهێزەکانی تر و فاشیستەکانی بەغدا و تاران و ئەنکاراش بە چۆکدا بهێنێت. هەر ئەم هێزە بوو کە گەروی بوش و بلیری گرت لەشەڕی ئەمریکا دژی عێراق و هەراسانی کردن. هەر ئەم هێزە هات بە فریای کۆبانیەوە لەو کاتەدا کە هەموو ئەم دەوڵەتانە بەوپەڕی تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی کەوتنی کۆبانی بوون کە بە چەکی تەقلیدی و سادەوە ٤٠ ڕۆژ بوو بەرامبەر ئەفسانەی داعش وەستابوون. لەو ساتەدا بوو کە خەڵکی ئازادیخوازی جیهان لەمسەر تا ئەوسەری جیهان ڕژانە شەقامەکانەوە بۆ پشتیوانی لەو جەنگی بەرگریە. هەر ئەمەش ڕای گشتی جیهانی کرد بە فشارێکی توند لەسەر ئەو دەوڵەتانەی کە ڕیاکارانە دەهۆڵی جەنگی دژی داعشیان دەکوتا. لە ژێر ئەم گوشارەدا بوو کە ئەو دەوڵەتانەی چاوەڕوانی کەوتنی کۆبانی بوون بۆئەوەی کارەساتێکی دیکەی ئینسانی بەرپابێت و دواتر بیکەن بە دەستمایەی ڕیاکاری مافی مرۆڤ و میلیتاریزمی نیشاندانی عەزەلات، ناچار بوون سیاسەتی خۆیان بگۆڕن بۆ دزینی سەرکەوتنەکەی خەڵکی کۆبانی. ئەگەر پەیامی خەڵکی کوردستان بگات بە بەشەریەتی ئازادیخواز لە جیهان و لە خودی عێراق و ئێران و تورکیا، دەتوانێ دەستی هەموو ئەو دەوڵەتە کۆنەپەرستانە ببەستێت لە سزادانی ملهوڕانەی خەڵکی کوردستان.

بەڵام خەڵکی کوردستان هاوکات لەگەڵ ئەمە، وە بۆئەوەی ئیرادەیەک لە خۆیان نیشانبدەن کە شایانی پشتیوانی بێت، دەبێ لە پێشدا ئیرادەی بەهێز و ئازادیخوازانەی خۆیان بنوێنن. دەبێ لە ئاستی بەرینی جەماوەریدا هەم لە مەیدانی سیاسی ڕاوەستن، هەم خۆیان چەکدار و ڕێکخراوبکەن بۆ بەرگری لە خۆیان و لە چارەنوس و ئەمنیەتی خۆیان. دەبێ بە ڕیزێکی ڕێکخراو چەکدار خۆمان بۆ ئەگەری پەلاماری میلیشیا دڕندە ئیسلامیەکان و بۆ جەنگی بەرگری ساز و ئامادە بکەین. دروست وەکو ئەوەی کە خەڵکی کۆبانی کردیان. ئەزمونی کۆبانی نیشانیدا کە ئەم کارە نەک هەر کردەنیە بەڵکو جێگامتمانەترین ڕێگایە. پێویستە نیشانی هەموو جیهانی بدەین کە دەمانەوێ بڕیاری خۆمان بە دەستی خۆمان پیادە بکەین. دەمانەوێ دەوڵەتێکی ئازادیخواز بۆ هەموو هاوڵاتیانی کوردستان بەدەر لە هەرجۆرە شوناسێکی قەومی و دینی و مەزهەبی دامەزرێنین کە بە چاوێکی یەکسان تەماشای هەموو هاوڵاتیان بکات و مافی یەکسانی هەموان بێقەید و شەرت مسۆگەر بکات، دەوڵەتێکی سکولاری غەیرە قەومی. دەبێ نیشانی هەموو جیهانی بدەین لەو ناوچەیەی کە زلهێز و دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە کردویانە بە گۆمی خوێن و جۆرەها دار و دەستەی قەومی و مەزهەبیان بەرەڵای گیانی خەڵک کردوە، خەڵکی کوردستان لە دەوری دروشمی (نە قەومی و نە دینی، شوناسی ئینسانی) دەیانەوێ ئیرادەی خۆیان پیادە بکەن و دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئازادیخواز دامەزرێنن. لەم بارەیەوە دەبێ ئامادەیی تەواومان هەبێت بۆ پوچەڵکردنەوەی پلانی ناسیۆنالیزمی کورد کە دەیانەوێ بە دامەزراندنی دەوڵەتی کۆنەپەرستی ئەقوام و مەزاهیب، ئەزمونی کارەساتبار و شکستخواردوی عێراقی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە کوردستان دوپات بکەنەوە، بە ناوی (دەوڵەتی جمهوری کوردستانی دیموکراتی پەرلەمانی فیدراڵی مەدەنی)! ئەم جۆرە دەوڵەتە بەهەر ڕێۆش و دەستەواژەیەک بڕازێنرێتەوە، هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ ئەو جمهوریە فیدراڵیە پەرلەمانیە قەومی و ئیسلامی و تائیفیەی عێراقدا کە جەماوەری...

بۆ لاپەرە ١١

NRT

گۆشەی لەگەڵ

**بەرنامەی دووجار بیر بکەرەوە** به رنامەیەکی هەفتانەی کەناڵی ئێن ئارتی یە، کە هەرجارە بابەتێک هەڵدەبژێرێت و چەند کەسێک بانگهێشتی بەرنامەکە دەکەن... دیارە زۆر دەگمەن کەسانی چەپ و کۆمۆنیست، یان بێلایەن لەم بەرنامەیدا بەشداری دەکەن... بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە، ئێمە لەهەر ژمارەیەکی بۆ پێشەوەدا، بەشداری یەکێک لە تەوەرە گرنگەکانی بەرنامەکە دەکەین... تا کۆمەڵگا بە بۆچوون و دیدی تر ئاشنا بکەین...

**لەم ژمارەیەدا وەڵامی ئەم پرسیارەی خوارەوە دەدەینەوە، تەوەرەی بەرواری ٩/١٨/ ٢٠١٧**

**ئایا پەرلەمان دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە چارەسەری کێشەکانی هەرێم؟**

**ئەم گۆشەیە عەبدوڵا مەحمود دەینووسێت**

ئایا پەرلەمان دەتوانێت رۆڵی هەبێت لە چارەسەرکردنی کێشەکانی هەرێم؟

دیارە ماوەی کاری پەرلەمان دوو مانگێکی ماوە، لە ماوەی رابردووشدا، دوو ساڵ داخرابوو... واتە ئەم خولە چوار ساڵیەی پەرلەمان تەنها دووساڵیک بووە... ئەگەری درێژکردنەوەی یان کورتکردنەوەو دوبارە داخستنەوەشی ئەگەری کراوەن و لە دەرهاویشتە ئاساییەکانی پەرلەمان خۆیەوە هاتوون.

ئینسانی ویژدان زیندو، تاکی نەکردراو، لەهەریمی کوردستاندا، گەواهی ئەو راستیە دەدەن، کە پەرلەمان لەهیچ کات و سەردەمێکدا، نەیتوانیوە هیچ رۆڵێکی بەرچاو لە ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستاندا، بە دیوی باشەدا وازی بکات. وە هەموو کەسێکی هوشیار و



چارەبکات، یان دەروازەی یاسایی و چاکەکاری بێت...

لەهەموو تەمەنی خۆیدا بۆیەک سات و کات هیزی یاسایی و حقوقی نەبوو، چونکە حکومەتکەی مافی حکومەتداری نەبووە...

باسی کاراکردنەوەی پەرلەمان و هەڵدان بە شان و بازوویدا بە وێنەی دەزگای شەرعی و یاسایی، تەنها بانگەشەی هەندێک حزب و لایەنەسیاسی کەنارکەوتوو و ژمارەیەک قەڵەم بەدەستی نابیناوەیە، کە هەموو ئومێدو شیوازی خەباتی خۆیان لە پەرلەماندا دەبینەوە وەکو مەرجەعێکی گوایە یاسایی... دیارە بۆ ئەندام پەرلەمانەکانیان وەکو سەرچاوەی دەوڵەمەندبوون و پۆزی پیگەی بەرزلێدان دەتوانیّ مانای هەبێت... دەنا ئەوانیش باش دەزانن هیزی هەر حزبێک لە دەرەوەی پەرلەمانە، لە دەرەوەی لۆژیکی کورسی و ژمارەی دەنگە بەدەستهاتوەکانە لە هەڵبژاردنەکاندا... دوو ساڵ بوو پەرلەمان داخرا بوو هیچ رووینەدا، هەروەکو دوو ساڵیش

لیستەکانی پەرلەمان و پرۆژەکانیان لەناو پەرلەماندا ناچێتە پێشەوە، هەموو لە دەرەوەی پەرلەمانە و دۆسیەی پەرلەمانیش هەر لە دەرەوەی پەرلەمان جێگای کێبەرکێی حزبییە...

بۆ حزبەکانی دەسەڵات پەرلەمان روپۆشیکە بۆ داپۆشینی دەسەڵاتی نایاسایی و نائاسایی میلیشیایی حزبی، دەزگایەکە بۆ شیواندنی رای فەرمی و گشتی دنیای دەرەوە و فریوکاریی یاسایی ناوخۆیی... بۆ حزبەکانی تری دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتیش پەرلەمان چەکێکی بەرامبەرکییە لەگەڵ دەسەڵات... بێ ئەوەی رۆڵ و نەخشیکی گوشار یان قورسایەک بخاتە سەر دەسەڵات...

دیارە کێشەکانی خەڵکی کوردستانیش لە دیدی پەرلەمان و حزبەکانی گیرۆدە بە پەرلەمانەوە، شتێکەو لە دیدی خەڵکی کوردستان و دنیای واقعێشدا شتێکی دیکە... کیشەی حزبەکان کارا نەبوون، داخران، ناهاوسەنگی، بەهەندنەگرتن، لاوازی چاودێری، نەبوونی هێز و پابەندنەبوون بە بریارو راسپاردەکامی، کارا نەبوون یان نەتوانینی لێپێچینەوە لە حکومەت و وەزیر و گزیرەکان... بۆ خەڵکی کوردستانیش پەرلەمان کێشە نییە، گرفتەکانیش لە گرانی و بێکاری و هەژاری و نەبوونی خزمەتگوزاریی و پێشلکاری ئازادیەکان و تا دەگاتە دزی و تاڵانی و گەندەڵی و زنجیرە گرفتێکن، دورو نزیک پەیوەندی بە پەرلەمان و کراوە بون و داخستنیەوە نییە... پەرلەمان دەمێکە بە کردەوە ئەزموون کراوە، کە هیچ رۆڵێکی نییەو نایشتوانیّ ببیێت... تەنانەت خەریکە وەکو کەیسێکی ململانێش کۆتایی بە تەمەنی دێت، وەکو دەردیکیش خۆی دەرمانی چارەسەری نییە... لە ئیستادا کە ریفراندۆم کراو کوردستان بە ئاقاری دەوڵەتسازیدا هەنگاو دەنێت... پرسی حکومداریش دەگۆردرێت... دەسەڵاتی

> **پەرلەمان خۆی دەردە، خۆی کێشەیە، چۆن دەتوانێت، دەردێک تیمار بکات و کێشەیەکی پێ چارەسەر بکرێت... پەرلەمان نەک ئێستا، نەک لە دووساڵ بەر لەئێستا، بەڵکو بە مردویی لەدایک بووە، بە خنکاوی هاتۆتە بوون... لەهەموو تەمەنی خۆیدا بۆیەک سات و کات هیزی یاسایی و حقوقی نەبووە**

ئازاد، کە بەرژوەندی خۆی و حزب و تاقمەکەی جڵەوی ئازادی و هۆشیارییەکەی نەگرتبێت، دەزانێت... پەرلەمان هەرگیزاو هەرگیز، نەیتوانییوە رۆڵێکی یاسایی و حقوقی

پەرلەمان لە کوردستان خۆی کێشەیە، بە ئەندازەی هەموو کیشە زۆرو زەوەندکانی کۆمەڵگەی کوردستان، پەرلەمان ناوی وەکو کیشە چۆتە ناو کێشەکانی تری کۆمەڵگەی

دەرگای کراوە بوو هەر هیچ رووینەدا... ئیستاش کە بۆئەوماوە کورتەی کەماوەو کراوەتەوە هەر هیچ روونادات... بۆ خەڵکی کوردستان پەرلەمان کراوەبێت یان داخراو هیچ

> **پارتی و یەکێتی، لەوە دڵنیان کورسیان لە پەرلەمان هەبێت یان نەبێت خۆیان دەسەڵاتدارو قۆرغچی هەموو کایەکانی دەسەڵاتدارێتی و بریاری سیاسین... و ئەوەش باش دەزانن کە کەس ناتوانێت لە رێگای هەڵبژاردن و دەنگدانەوە دەسەڵاتیان لەدەست دەربهێنێت...**

و بگێرێت... لانی کەم یەکێتی و پارتی کە خاوەنی هیزی چەکدارن و داهاتی کۆمەڵگەیان بەپێی دەسەڵاتیان لە زۆنەکاندا دەست بەسەردا گرتووە، دەزانن پەرلەمان هیچ کات خاوەنی رۆڵ و دەزگای یەکلاکەرەو جیگایەک بۆ هاوسەنگی هێز نییە... وە لەوە دڵنیان کورسیان لە پەرلەمان هەبێت یان نەبێت خۆیان دەسەڵاتدارو قۆرغچی هەموو کایەکانی دەسەڵاتدارێتی و بریاری سیاسین... و ئەوەش باش دەزانن کە کەس ناتوانێت لە رێگای هەڵبژاردن و دەنگدانەوە دەسەڵاتیان لەدەست دەربهێنێت... بۆیە پەرلەمان لایان هیچ نییە جگە لە ئامرازێکی فریوکارانەی قورمیشکراو بۆ پەسەندی بریار و پاراستنی دەسەڵاتیان و لەو جێگایەش دەست دەبات بۆ هێڵەسورەکانی دەسەڵات و بریاری سیاسی دەسەڵات... دەرگاکەی دادەخەن... هەموو ئەو راستیانە ئەوە نیشان دەدەن کە خودی پەرلەمان لە کوردستان، نەک ناتوانیّ هیچ کیشەیەک

کوردستانەوە... پەرلەمان داخرا، پەرلەمان کرایەوە، پەرلەمان کارایە، پەرلەمان ناکارایە، پەرلەمان دەسەڵات و رۆڵی نییە، هیچ یاسایەکی پەسەندکراوی پەرلەمان ئەگەر پەیوەندی بەخەڵکی کوردستانەوە هەبێت، و بکەوێتە دژایەتی لەگەڵ قازانجپەرستی و دەسەڵاتەوە، گوێگرێکی نابێت... پەرلەمان هێندەی بەداخراوی و تەپڵ کوتان و فرکانی دەبەی ئاو ناسراوە، بەهیچ بریارو یاسایەک نەناسراوە... هێندەی بەباسی کاراکردنەوە و بەشداری و بایکۆت ناسراوە، هێندە بە شوینێک نەناسراوە کە یاسا دەربکات و چاودێر بێت بەسەر کارەکانی حکومەتەوە...

لەدۆخێکی ئاوادا کە پەرلەمان خۆی دەردەکەبێت، خۆی کێشەکە بێت، چۆن دەتوانێت، دەردێک تیمار بکات و کێشەیەکی پێ چارەسەر بکرێت... پەرلەمان نەک ئێستا، نەک لە دووساڵ بەر لەئێستا، بەڵکو بە مردویی لەدایک بووە، بە خنکاوی هاتۆتە بوون...

کاریگەریەکی نییە... بۆ حزبەکانیش بەتایبەت ئەو حزبانەی ئومێد و توانای مایەیان لەسەر پەرلەمان داناوە، مایەی مشت و مڕو هێنان و بردنێکە بێ ئەوەی لە دنیای واقعیدا رۆڵێکی هەبێت...

پەرلەمان نەک هەر خۆی کێشەیە، هاوکات خۆی کارتێکی ململانێی حزبیشە لەدەرەوەی ناو هۆڵی پەرلەمان... ئەگەر لە تەواوی دنیادا پەرلەمان شوێنێکە بۆ کیبەرکێی یاسایی نیوان حزبەکان و لیستەکانیان و هینانی پرۆژە و بریار و راسپاردە لەلایەن حزبەکانەوە، ئەوا لە کوردستان پەرلەمان" بەداخراوی یان کراوەیی" کارتێکی ململانیی حزبییە لە دەرەوەی پەرلەمان و هەریەکەیان بۆ رەوایەتی دان بە پابەندبوونیان بە دەنگی هاوڵاتیان، شانازی بەپەرلەمانەکەیانەوە دەکەن و بەرگری لێدەکەن... بەڵام خودی پەرلەمان وەکو دەزگایەکی تەشریعی بیبەهاترین دەزگایە... ململانیی حزبی لە کوردستاندا لە رێگای

میلیشیایی پێویستە بە زووی جێگای خۆی بدات، بە دەسەڵاتی پشت بەستوی جەماوەری و دامەزراوەیی و خاوەن پەیمان و تەعەهوداتی ناوخۆیی و دەرەکی و نێودەوڵەتی... وە راستکردنەوەی شیوازی حکومرانی لە حزبیەوە بۆ دەوڵەتداری، ئەو گەران بەدوای لێکەوتەکانی دەسەڵاتی میلیشیاییدا، کە زیاتر لە چارەکەسەدەیەکە داروخان و گەندەڵیەکەی لە چەندین زەمینەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و یاساییدا، خۆی نیشان دەدات... پێویستە دوای ریفراندۆم ئەلتەرناتیفی پەرلەمان، یەکێک لە دۆسیەکان و ئەرکەکانی دوای ریفراندۆم بیت... ئەو پەرلەمانە لەگەڵ دەسەڵاتی میلیشیایی هاتۆتە بوون کاری داپۆشینی ئەو دەسەڵاتە بووە، ئەو دەسەڵاتە کە ئیستا دەبێ ماڵئاوایی لە مۆدێلە کۆنەکەی بکات، پەرلەمانەکەشی کارایی خۆی لەدەست دەدات...

# ڕەتکردنەوەی ریفراندۆم لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە،ڕەتکردنەوەی ئیرادە و بڕیاری خەڵکی کوردستانە!

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نەتەوەیەکگرتووکان، لە بەیاننامەیەکدا کە٢١ سێپتەمبەر بڵاوبۆتەوە ریفراندۆمی هەرێمی کورستان ڕەتدەکاتەوە. هۆکاری ڕەتکردنەوە ریفراندۆم بۆئەوە دەگێڕێتەوە کە ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش ڕێز لەسەروەری و یەکپارچەیی و یەکگرتوویی عێراق دەگرن، هەروەها ئەنجامدانی ریفراندۆم بە زیان بۆ جەنگ لەدژی داعش لەقەڵەم دەدات. لەبەرامبەر ڕەتکردنەوەی ریفراندۆمیشدا بەدیلی گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا و پاڵپشتی خۆیان بۆ گفتۆگۆکە دەردەبڕن.

ئەنجومەنی ئاسایش، لە کاتێکدا دەیان و سەدان کارەساتی سیاسی و ئینسانی و حقوقی ئەم سەردەمە دەبینێت، درندەیی و هەوسارپچراوی دەیان دەوڵەتی تائەنیشک بەخوێن سور بووی ئینسان دەبینێت، کارنامەی رژێمە درندەکانی ئەمریکای لاتین و ئەفریقیا و ئاسیا دەبینێت، زیاد لە حەوت دەیە درندیی دەوڵەتی ئیسرائیل لەبەرامبەر بەخەڵکی فەلەستین دەبینێت، چەندین دەوڵەتی لەچەشنی دەوڵەتی سعودیەی دیلکردنی هاوڵاتیەکانی دەبینێت، دەیان دەوڵەت دەبینێت کە خەریکی پاکسازی قەومی و تایفی و دینین، تەنانەت دەوڵەتی بەناو عێراق دەبینێت و بینی کە چۆن جەنگی تایفی بەهەزاران ئینسانی لەبەین برد. لەسەر هەموو ئەمانە ئەم ئەنجومەنە نقەی نەهات و نایەت. لەو جێگایەش ئەگەر لەژێر گوشاردا، بڕیارێکی دەرکردبێت، لەسەر رەفە دانراوەو پشتگوێخراوە. هەروەها ئەم ئەنجومەنی ئاسایشە، لەبەرامبەر بەدەیان کارەسات و مەرگەساتی ئینسانی خەڵکی کوردستاندا، لە قڕکردن، ئەنفال و کیمیاباران، سوتماککردنی دەیان دیهات و شارۆچکە، راگواستن و کاوڵکاری و ئاوارەیی... تا دەگاتە کوشتار و ئیعدامی هەزاران ئینسانی سیاسی و نەیار بە رژێمی پێشووی بەعس... دیسان نوزەی لێوەنەهات و بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی چاوی لەو هەموو قوربانیانە، پۆشی. کەچی ئەمرۆ لەبەرامبەر بە ریفراندۆمی خەڵکی کوردستاندا، بۆ بڕیاردان لەسەر ئایندەی سیاسی خۆیان لە پرۆسەیەکی باو و دانپیانراوی دنیای فەرمی و گشتیدا، دەوەستێتەوە و بەخێرایی دێتە دەنگ.

پاساوی یەکپارچەیی و سەروەری عێراق، دەکەنە پاساو لەکاتێکدا باش دەزانن سەروەری عێراق درۆیەکی گەورەیەو ئێران هێزی سەرەکی بڕیارە لە عێراق و ئەوانەی حکومەت بەڕیوەدەبەن، گوێرایەڵی ئەو رژێمەی سەنگسارو سێدارەی ئێرانن و دەستێوەردانی دەیان دەوڵەت و تاقم لە عێراقی خاوەن سەروەریدا!! دەبینن. وە باش دەزانن عێراقی یەکگرتوو لەراستیدا چەند پارچەو شەقار شەقارەی قەومی و دینی و تایفییە، لەسەر بنەمای ئەو فیدرالیزمەی کە هەر ئەم ئەنجومەنی ئاسایشە، مۆری تەئیدی لێداوە. گشت ئەم دۆخە کارەساتبارەی عێراق و لەتوپەت بوونی ئەم کۆمەڵگەیە کە هەر ناوچەیەکی گرفتاری دەستی تاقمێک چەکداری قەومی تائیفین، ئاکامێکی راستەوخۆی جەنگی کۆنەپەرستانە و ملهوڕانەی ئەمریکای ئەندامی هەمیشەیی ئەم ئەنجومەنە دژی ئاسایشەی دنیایە.

باسی جەنگ لەدژی داعش پاساوێکی ترە، لە کاتێکدا دنیا شاهیدی ئاشکراو گەواهی دەری هەموو ئەو دەوڵەت و لایەنانەیە کە بە ئاشکرا لە پشتی داعشن و ئەنجومەنی ئاسایشیش، لەبەرامبەریان بێدەنگە. وە دنیا شاهیدی حەشدی شیعی" حەشدی شەعبی" یە، کە لەسەر بنەمای تایفی و بەوێنەی بەشێک لەسوپای قودسی ئێرانی پێکهێنراوەو داعشی ناوخۆی عێراق و ناوچەکەیەو هێزیکی درندەیی داعشییە.

پاساوەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ڕەتکردنەوەی ریفراندۆم، هێندە پوچ و بێ بەهان، کە پوچی و بێ بەهایی ئەنجومەنی ئاسایش نیشان دەدات. ئەو ئەنجومەنە بێ موراڵ و بێ پرانسیب و دووڕووە، لەبەرامبەر بە گرتنەبەری رێگای ئەنجامدانی ریفراندۆمدا، بانگەوازی گرتنەبەری دانوستاندن و گفتوگۆ دەکەن لەگەڵ دەسەڵاتێکی عروبی و ئیسلامی، وابەستەی ئێران.

ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایش، و ئەحزابێکی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد لایان وایە ریفراندۆم دەکرێت ببێتە کەنالێک بۆ گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا لەسەر هاوبەشێتی سیاسی و پۆست و داهات، وە ئەگەر بزوتنەوەی کوردایەتی دەستبردنی بۆ ریفراندۆم لە ژێر ناوی پابەند نەبوونی بەغدا بە رێکەوتننامەکان گرتوتە بەر، بەڵام بۆ خەڵکی کوردستان و بەرەی ئازادیخوازو ئینساندۆستی، ریفراندۆم نە بۆ سەفقەی سیاسییە، نە بۆ گفتوگۆیە لەسەر پۆست و داهات، بەڵکو ریفراندۆم بۆ ڕەتکردنەوەی فیدرالیزمی قەومی و بەزۆر لکاندنەوەی کوردستانە بە عێراقی عروبی قەومی و ئیسلامیەوە، وە رێگایەکە بۆ بڕیاردان لەسەر ئایندەی سیاسی خۆیان بەدەستی خۆیان.

ئەوانەی دڵیان خۆشەو شاگەشکەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش و ڕەتکردنەوەی ریفراندۆمن لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایش و وڵاتانی تری دنیا و ناوچەکە... و چاوەڕوانی شاباشی ئەو هەڵوێستەیانن دژی بڕیاری خەڵکی کوردستان، نەک هەر هەڵویستێکی ناتەندروستیان گرتۆتە بەر، بەڵکو هاوکات بەشێکی پەیوەندی بە دنیابینی ئەوانەوە هەیە کە جووتە لەگەڵ سیاسەتی نا ئینسانیانەو نابەرپرسانەی ئەنجومەنی ئاسایش و وڵاتانی ناو ئەو ئەنجومەنەو سیاسەتی دەبڵ مۆراڵی و بەرژەوەند خوازیان.

بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ڕەتکردنەوەی ریفراندۆم، بەشێکە لەهەمان ئەو سیاسەتەی بێدەنگی هەڵبژارد لەبەرامبەر تاوانە بێ کۆتاکانی بەعس لەبەرامبەر خەڵکی کوردستاندا. وە سیاسەتێکە لە درێژەی سیاسەتی ملهوڕانەی جەنگی کەنداو و کارەساتەکانی دەرهاویشتەی ئەو جەنگ و سیاسەتە و بڕیاری وەستانەوەیە بەرووی ئیرادە نواندنی خەڵکی کوردستاندا.

ڕەتکردنەوەی ریفراندۆمی خەڵکی کوردستان لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە، هیچ ڕەوایەتیەکی سیاسی و یاسایی و حقوقی نییە و تەواو نائینسانی و پێچەوانەی پرانسیبی هەڵبژاردنی ئازادانەی بڕیاردانی ئایندەی سیاسی هاوڵاتیانە بەدەستی خۆیان. وەستانەوە پشتگوێخستنی ئەم داوایەی ئەنجومەنی ئاسایش و سازدانی ریفراندۆمێکی ئازادانە و شەفاف نەبەردێکە کە دەتوانێ مۆری سەرکەوتنی ریفراندۆم لە دنیای شارستانی سەردەمدا بکاتە راستیەکی مێژوویی.

ڕەتکردنەوەی سیاسەتی بەرژەوەندی خوازانەو دژی ئینسانیانەی ئەنجومەنی ئاسایش، ڕەتکردنەوەی رێگای سات و سەودا لەگەڵ بەغدا بە مەبەستی دەستهەڵگرتن لە ریفراندۆم، بە مانای پشتوانی کردنە لە ویست و خواستی ڕەوای خەڵکی کوردستان بۆ بڕیاردانی ئازادانەیان بۆ دیاریکردنی ئایندەی سیاسی خۆیان بەدەستی خۆیان، سور بوون لەسەر ئەم ئیرادەیە دەتوانێ هێزێکی زۆر گەورەی کۆمەڵایەتی و ئینسانی لە ناوچەکەو دنیادا بکاتە پشتیوانی خۆی، کە ئەنجومەنی ئاسایش و وڵاتانی نەیاری ریفراندۆم لە دنیاو ناوچەکە، دەبێ سەری تەسلیم بوونی بۆ دانەوێنن و دان بنێن بە ئیرادەی وەگەرکەوتوی خەڵکی کوردستاندا.

ئێمە لە بڵاوکراوەی بۆپێشەوە... بەیانی ئەنجومەنی ئاسایش بۆ ڕەتکردنەوەی ریفراندۆم، بە سیاسەتی بەرگری لە دەوڵەتی پشت بەستوو بە هەڵاواردنی قەومی و دینی و تایفی و کرێگرتە عێراق و وەستانەوە بەرووی ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەزانین. بۆیە بانگەوازی خەڵکی کوردستان و بەرەی ئینساندۆست و ئازادیخوازی کوردستان دەکەین... هێزی خۆیان نمایش بکەن، چ بە وەستانەوەی خێراو نارەزایەتی دەربرین بەرووی سیاسەتی ئەنجومەنی ئاسایش و چ بە بەردەوامیدان بە پرۆسەی ریفراندۆم و ئەنجامدانی ریفراندۆمێکی ئازادانەو شەفاف لە کوردستاندا، بۆ دیاریکردنی ئایندەی سیاسی خۆیان بەدەستی خۆیان. ئیرادەنواندنێکی ئاوا دەتوانێ نەخشی زۆر گەورە لەسەر ئایندەی کوردستانی جیابووەوە لە عێراق و جۆری دەوڵەتی داهاتوو هەبێت.

**بۆپێشەوە**

# پەیماننامە(میثاق)ی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ!

پەیماننامە(میثاق)ی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ!

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان:

بەوپێیەی کە ڕیفراندۆم، ڕاپرسی خەڵکە سەبارەت بەوەی دەیانەوێت کوردستان جیابێتەوە، یان لەچوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە، بەپێویست کۆمەڵگای کوردستانی خستۆتە بەردەم دورڕیانێکەوە. کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و خەڵکی ستەمدیدە بە دەست فیدراڵیزمی قەومی و تائیفی کۆنەپەرستانە و گێرەوکێشەی نێوان حکومەتی قەومی ئیسلامی بەغدا و دەسەڵاتی میلیشیایی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردەوە گرفتارن، بەرژەوەندیان لەوەدایە کەرێگای جیابونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ هەڵبژێرن.

بەڵام ئەمە سەرەتای کار و لە ڕاستیدا ئاسانترین هەنگاوە لە پرۆسیسێکی گەورەتردا. هەنگاوی دواتر بریتیە لە پیادەکردنی بڕیاری خەڵک، واتە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی. بەڵام کارەکە بەمەش کۆتایی نایات. هەربۆیە پرسیارێکی گرنگ و چارەنوسساز ئەوەیە کە چ جۆرە دەوڵەتێک پێویستە لە کوردستان دامەزرێت بۆ ئەوەی ماف و ئازادیەکانی خەڵک و خۆشگوزەرانی مسۆگەر بکات؟

وەڵامی بورژوازی و حزبە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان لەناوەڕۆکدا شتێکی جیا لەوە نییە کەلەماوەی ٢٦ساڵی ڕابردوودا پەیڕەویان لێکردووە. بەم جۆرەش چینی سەرمایەداری کوردستان و حزبەکانی، ئیمتحانی خۆیان داوە، هەربۆیە پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە ئایا ئەم جۆرو شێوازە لەحوکمڕانی ئەحزابی میلیشیایی و چەکدار لەکوردستانی سەربەخۆشدا، شایستەی ژیانی هاوڵاتیانی کوردستانە و جێگای قبوڵ و ڕەزامەندیانە؟

بێگومان وەڵامی پەیگیرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان "نا"یەکی ڕاشکاوە بەم پرسیارە.کوردستانی سەربەخۆ پێویستی بە جۆرێکی تر لە حوکمرانی و بەڕێوەبردن و دەوڵەتداری هەیە. خەڵکی کوردستان نابێ هیچ بڕیار و ئیرادەیەک جگە لە ئیرادەی جەماوەری خۆیان بۆ دیاریکردنی چارەنوسی دەوڵەت و سیستەمی حوکمڕانی بە ڕەسمی بناسن. خەڵکی کوردستان شایستەی جۆرێک لە حوکمرانیین کە ئازادی و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان دابین بکات.

ئەلتەرناتیوی دەستبەجێ و ڕاستەوخۆی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دەوڵەتی سۆسیالیستیە. بەڵام حزبی ئێمە ئەو واقعیەتەی لەبەرچاوە کە ئەحزابی ناسیۆنالیست و ڕەوتە ئیسلامیەکان لە مێژووی چەند ساڵەدا لەسەر بناغەی قەومی و عەشیرەتی و دینی و..و ..جەماوەری کوردستانیان دەستەبەندی کردوە و هەرکامیان بەشێک لەم خەڵکەیان لە دەوری خۆیان سازماندوە و چەکداریان کردوون، لەم هەلومەرجەدا ناچارکردن و پابەندکردنی ئەم حزب و ڕەوتانە بە یاسا و پرەنسیپەکانی کۆمەڵگایەکی مودێرن و ئازاد و مەدەنی و دامەزراندنی دەوڵەتیکی سکولاری غیرە قەومی و غەیرە دینی، پشتبەستوو بەمافی یەکسانی هاوڵاتی بوون، هەنگاوێکی گرنگە لە ڕێگای زەمینە خۆشکردن بۆ سۆسیالیزم و سەرکەوتن و بەسەر دۆخی کارەساتباری ئێستادا.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە پێناو مسۆگەرکردنی مافی خەڵک لە هەڵبژاردنی ئازاد و هوشیارانەی سیستەمی حوکمڕانی ئایندەی کوردستانی سەربەخۆدا، ئەم بنەمایانەی خوارەوە وەک پەیماننامەی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ بۆ کۆمەڵگا رادەگەیەنێ و کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان بانگەواز دەکات بۆ دابینکردن و مسۆگەرکردنی مافی خۆیان لە دیاریکردنی دەوڵەتی سەربەخۆ، لە دەوری ئەم پەیماننامەیە ریز ببەستن.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان هاوشان و هاوکار لەگەڵ هەموو هەڵسوڕاوانی کرێکاری و پێشکەتنخوازان و ژنان و لاوان و یەکسانیخوازان، بە هەموو تواناوە هەوڵدەدات بە پشتبەستن بە هێزی جەماوەری خەڵک ئەم پەیماننامەیە بکاتە بنەمایەک بۆ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان و ئەو پەڕی ئازادی و خۆشگوزەرانی وئاسایش لە کۆمەڵگادا مسۆگەر بکات. هەروەها باشترین هەلومەرج بڕەخسێنێ بۆ دەخاڵەتی چینی کرێکار و جەماوەری خەڵک لە دیاریکردنی سیستەمی حوکمڕانی داهاتودا.

بنەماکانی پەیماننامە (میثاق)ی دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ!

١ -زامنکردنی دەخالەت و بەشداری ڕاستەوخۆی خەڵک لەکاروباری وڵات و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا.

٢ -دەوڵەت و سیستەمی بەڕێوەبردن پێویستە بە تەواوی غەیرە دینی و غەیرە قەومی بێت. هەرجۆرە کۆمەکێکی دەوڵەت بە هەر دین و مەزهەبێک یان دانی هەرجۆرە مۆرێکی دینی و مەزهەبی و قەومی و ئیتنیکی بە یاساکان قەدەغەیە. هەرجۆرە ئاماژەیەک بە دین و مەزهەب و نەتەوە و نەژادی هاوڵاتیان لە یاسا و بەڵگەنامە ڕەسمیەکاندا قەدەغەیە.

٣ -هەڵوەشانەوەی هەموو میلیشیا حزبیەکان و دەستبەسەراگرتنی ئیمکاناتی چەکداری و لۆجستی و مالی کە تاکو ئێستا حزبە دەسەڵاتدارەکان دەستیان بەسەردا گرتووە، چەکدارکردنی گشتی جەماوەری ریکخراو بۆ بەگری لە ئازادی و یەکسانی و وەستانەوە بەرامبەر هەر هێزێک کە بیەوێ پەلاماری ئازادی و مافەکانی خەڵک بدات.

٤ -هەڵوەشانەوەی سەرجەم دامودەزگا جاسوسی و ئەمنیەکانی ئێستای سەر بە حزبەکان.

٥ -ڕاگەیاندنی جیایی هەمەلایەنەی دین لە دەوڵەت و پەروەردە و فێرکردن. ئازادی دینداری و بێدینی.

٦ -هەڵوەشانەوەی هەموو ئەو بڕیار و یاسایانەی کە سەرچاوەیەکی دینیان هەیە.

٧ -ڕاگەیاندنی ئازادی بێ قەید و بەندی بیروباوەڕ، بەیان، چاپەمەنی، کۆبوونەوە و میتینگ و مانگرتن و خۆپیشاندان، ئازادی ڕێکخراوبوون و پێکهێنانی ئەحزاب.

٨ -ڕاگەیاندنی یەکسانی هەمەلایەنە و بێ قەید و بەندی ژن و پیاو لە مافە فەردی و مەدەنیەکان. هەڵوەشانەوەی هەموو بڕیار و یاسایەک کە لەگەڵ ئەم بنەمایەدا ناکۆکی هەبێت.

٩ -ڕاگەیاندنی یەکسانی هەمەلایەنەی مافی هەموو هاوڵاتیان بەبێ لەبەرچاگرتنی رەگەز و دین و مەزهەب و نەتەوە و ئەتنیک.

١٠ -قەدەغە کردنی گرتن و زیندانیکردنی هاوڵاتیان لەسەر چالاکی و بیروڕای جیاوازی سیاسی

١١ -هەڵوەشانەوەی سزای لە سێدارەدان.

١٢ -دەستڕاگەیشتنی هەموان بە تایبەت ڕێکخراوە جەماوەریەکان و ئەحزابی سیاسی بە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی گشتی و دەوڵەتی.

١٣ -دابینکردنی بیمەی بێکاری تەسەل بۆ هەموو ئامادە بەکارێکی سەر و ١٦ ساڵ. دانی بیمەی بێکاری تەسەل و بیمە کۆمەڵایەتیە پێویستەکان بە هەموو کەسانێک کە بە هۆی نەخۆشی و توانای بەدەنی و بەساڵاچوندا توانای کاریان لەدەستداوە.

١٤ -سەلامەتی بەدەنی مافی هەر کەسێکە، هەرکەس مافی ئەوەی هەیە لە هەموو ئیمکانیاتی کۆمەڵگای هاوچەرخ بەهرەمەندبێت بۆ پارێزراوبوونی لە ئاکامی ڕوودا و نەخۆشی و لە هەموو ئیمکانیاتی تەندروستی و دەرمانی کۆمەڵگا کەڵک وەرگرێت.

١٥ -پەیوەندی جنسی نێوان ژن و پیاو پەیوەندیەکی ئازادانە و حاشاهەڵنەگرە بۆ هەموو کەسانیک کە دەگەن بە تەمەنی یاسایی باڵغبوون، ئەم پەیوەندیە پێویستە وەکو کاری تایبەتی هەموو گەورە ساڵان چاوی لێبکریت و هیچ دەسەڵاتێک مافی دەستێوەردان و پشکنینی نیە. هەرجۆرە پەیوەندیەکی جنسی گەورە ساڵان لەگەڵ کەسانی ژێر تەمەنی باڵغبونی یاسایی قەدەغەیە تەنانەت ئەگەر بە ڕەزامەندییش بێت.

١٦ -دادوەری و دادگاکان و سیستەمی دادوەری لە رووی یاساییەوە سەربەخۆن. هەڵبژاردنی دادوەرو هەموو پۆستێکی دادوەری مافی خەڵکە.

١٧ -سازدانی دادگای تایبەت قەدەغەیە و پێویستە هەموو دادگاییەکان بە ئاشکرا بەڕێوە بچن.

١٨ -هەموو هاوڵاتیان لەبەرامبەر یاسادا یەکسانن، هیچ پۆست و هیچ کەسێک پارێزبەندی یاسایی نیە. هەرکەس بێ قەید و بەند مافی ئەوەی هەیە لە دژی هەر پۆستێکی دەوڵەتی لە دادگاکان شکات تۆمار بکات.

١٩ -لەهەموو دادگاییەکدا ئەسڵ بریتیە لە بێتاوانی تۆمەتبار. بەهرەمەندبوون لە ئیمکانیەتی دەسڕاگەیشتن بە دادگایەکی عادلانە مافی هەموو کەسێکە. هەرجۆرە شکەنجە و تۆقاندن و سوکایەتی و زەخت و زۆری فکری و دەرونی دژی کەسانی دەستگیرکراو و تۆمەتباران و حوکمدراوان بە هەموو جۆرێک قەدەغەیە و هەر هەنگاوێکی لەو بابەتانە تاوانێکی جینائیە. دانپێدانان لە ڕێگەی هەڕەشە و دانی تەماح و هەموو جۆرە هەڕەشە و شکەنجەیەکەوە قەدەغەیە.

٢٠ -دانانی یاسای کارێکی کرێکاری پێشڕەو کە پێوانە و ستانداره جیهانیەکان ڕەچاو بکات...

٢١ -دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دۆستایەتی و هاوپشتی خۆی لەگەڵ خەڵکی عێراق و هەموو ناوچەکە و جیهان ڕادەگەیەنێت.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخواز، هەروەها ئەحزابی سیاسی و ڕێکخراوە جەماوەریەکان و هەڵسوڕاوانی سیاسی بانگەواز دەکات بۆ بەرگری لە کۆمەڵگای کوردستانی سەربەخۆ بەرامبەر هەرجۆرە ساتوسەودا و سازشێک لەگەڵ دەوڵەتی قەومی و دینی عێراق، هەروەها هەر جۆرە دەخاڵەتێکی دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان، هەروەها لە پێناو پاراستنی کۆمەڵگا لە بەرامبەر دەسەڵات پەیداکردنی هەر دارو دەستەیەکی کۆنەپەرستی قەومی و ئیسلامی و عەشیرەتی و گانگەستەری سیاسیدا، لە پشتی ئەم پەیماننامەیەوە پەیگیرانە ڕاوەستن.

## دەوڵەت و سیستەمی بەڕێوەبردن پێویستە بە تەواوی غەیرە دینی و غەیرە قەومی بێت!

## درێژەی ..... ئیرادەی خۆمان و هاوپشتی ئەنتەرناسیۆنالیستی

کرێکار... و ئازادیخواز چوادە ساڵە زۆر بە قورسی باجەکەی دەدەن.

پێداگری لەسەر ئەم پەیامە و نیشاندانی ئیرادەی جەماوەری بۆ جێبەجێکردنی و هاوکات ڕوو کردن لە بەشەریەتی ئازادیخوازی جیهان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی کوردستان و ئیرادە و مافەکانیان، نە تەنیا باشترین زەمانەتە بۆ شکاندنی دەستی هەر دەوڵەت و لایەنێک کە لە بیری سزادانی خەڵکی کوردستان و پەلاماری ئیرادەیان بێت، بەڵکو هاوکات دەرگایەکی فراوان بەڕووی جێبەجێکردنی بڕیاری ڕیفراندۆم، تەنانەت ڕێگا و توانای کێشانە خوارەوەی دەسەڵاتی گەندەڵ و مافیا و ستەمکاری ئەحزابی میلیشیایی ناسۆنالیزمی کوردیش دەخاتە سەرپشت. ئەوکات ئاسۆی دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئازادیخواز و پشتبەستو بە ئیرادەی ڕاستەوخۆی خەڵک بۆ هەموو دانیشتوانی کوردستان بەدەر لە قەومیەت و مەزاهب و ئەدیان ڕوون دەکاتەوە. دەوڵەتێک کە دەوڵەتی هەموو هاوڵاتیان بێت و جگە لە هاوڵاتی و مافی یەکسانی هەموو هاوڵاتیان هیچ شوناسێکی تر بۆ هیچ کەس لەبەرچاو نەگرێت. گومان لەوە نیە کە ئەمە لە پشتیوانیەکی گەورەی بەشەریەتی ئازادیخواز و بزووتنەوە ئینسانی و پێشکەوتوانەکان بەهرەمەند دەبێت کە ئاسۆی سەرکەوتنی بۆ مەیسەر و ڕووناک دەکاتەوە.

# بۆ پێشەوە مینبەرێکی ڕاستگۆ و سازش هەڵنەگر، لە پێناو دنیایەکی باشتردا !

بۆپێشەوە بە وێنەی مینبەری ڕابەرانی کرێکارانی سۆسیالیست، چەپ و کۆمۆنیستەکان، ڕابەرانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری، ژنانی تورە لە ستەم و بێمافی و پیاوسالاری و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، لاوانی هیوا خنکێنراو پڕ ئومێد، زەحمەتکێشان... و هەموو ئەو ئینسانانەی دڵیان، بۆ ئازادی و یەکسانی و دەسەڵاتی پشتبەستوی جەماوەری لێدەدات... دێتە ناو گۆرەپانی میدیایی کۆمەڵگای کوردستانەوە. بۆپێشەوە نەک تەنها وەکو سەکۆیەکی لێبراو سازشهەڵنەگر، لەدژی بیروباوەری زاڵی کۆمەڵگا بە تایبەتی ناسیۆنالیزم و ئیسلامی دەجەنگێت، بەڵکو هاوکات دەچێتە بەرامبەرکێی هەمەلایەنە لەگەڵ ئەفکار و سیاسەت و نەخشەی حزب و بزووتنەوە بۆرژوازیەکانی کوردستان و نووسەران و میدیای گوێ لەمستیان. وە هەوڵی بێدرێغ دەدات کە بیروباوەری زاڵ، کە بیروباوەری چینی دەسەڵاتداری کوردستانە، بەر ڕەخنە بدات لە جێگایدا ڕوانگەی ئینساندۆستی و ژیان دۆستی و نەخشە و ڕێگاو مەیدانەکانی تێکۆشان بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی شایستەی ئینسانی، بخاتە ڕوو.

بۆ پیشەوە لەگەڵ ئەوەدا لە کەنار ڕابەرانی کرێکاری و سوسیالیستیدا، لە پێناو باشترکردنی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی کریکاراندا رادەوەستێت، هاوکاتیش لە ڕاستای بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی خاڵی لەستەم و چەوساندنەوە و هەلاوارن و بێمافییدا، پەیگیرانە تێدەکۆشیت

چینی کرێکار و بەرەی یەکسانیخوازی و بەرابەریخوازی و ئینساندۆستی و ئازادیخوازی کوردستان، بزوتنەوەی یەکسانیخوازی ژنانپێویستی بە بەرامبەرکییی هەمەلایەنەی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە، بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی سیستیماتیک و هەمەلایەنەی بۆرژوازی و بزووتنەوە هەمەرەنگەکانی بۆ سەرچینی کرێکار و خەڵکی نەدارو رەوایەتی بەخشین بەسیستەمی چەوسێنەرانەی سەمایەداری... بۆپیشەوە چ بە وێنەی بلاوکراوەیەکی کۆمۆنیستی بەمەبەسستی وەلامدانەوە بەراگەیاندنی فریوکارانەو پیشەسازی فکر و چ بە مەبەستی ئاسۆدارکردنی خەبات و نارەزایەتی چینی کرێکار و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشەکەوتوانەکان، بە ئاسۆی رزگاری بەخشی کۆمۆنیستیەوە، دێتە مەیدان. بۆپێشەوە هەوڵدەدات لە هەمان کاتدا ئامرازێکی سازدەری چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش بێت، کۆمەک بکات بە پەرەپێدانی رەوتی رێکخراوبوونی جەماوەری ئەم چینە و بردنەسەری ئاستی تەحەزوبی کۆمۆنیستی کرێکاران و هەڵسوراوانی کۆمۆنیست.

بۆ پیشەوە، بەجیا لەوەی دەبێتە سەکۆیەکی راستگۆ و دەنگێکی بوێری بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە رزگاری بەخش و ئینسانیەکان، هاوکات سەکۆیەکی راستەقینەی بەیانی نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستانە، بەدژی دەسەڵاتی تالانچی و مافیایی بۆرژوازی کوردی و حزب و هێزو رەوتەکانیدا. دەنگێک دەبێت بۆ بەرگری لەخواست و مافەکانی سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی، وەک و کرێکاران و ژنان و لاوان و سەرجەم توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان.

بۆپێشەوە، سەکۆو دەنگێکی سازش هەڵنەگرە، بەرامبەر بە کۆنەپەرستی ئیسلامی و کەلتوری کۆنەپەرستانەی پیاوسالاری و ناموس پەرستی...

بۆپێشەوە، پەرەدان بە بیروباوەری مارکسیستی و کۆمۆنیستی، وەکو رەخنەی لێبراو سازشهەلنەگر لە نیزامی سەرمایەداری و گشت و ستەم و نابەرابەریەکانی، بە ئەرکی سەرەکی خۆی دەزانێت...

بێگومان دەرچوونی بلاوکراوەیەکی وەکو بۆپیشەوە، لە هەلومەرجی ئێستای کوردستاندا، لە کاتێکدا بۆرژوازی و حزب و هێزەکانی بە ناوی جیاجایی حزبی و ناحزبی، سەربەخۆ و سێبەر و ئەهلی، پاوانی سەرجەم میدیای نوسراو بینراو بیستراو، سەرجەم ناوەندەکان و کایەکانی میدیاییان بەهۆی سەرەوت و سامان و دەسەڵاتەکەیانەوە، کردووە، تا ئیدەو بیروباوەری دواکەوتوانەو دژی ئینسانی بلاوبکەنەوە. تا سەرەوخواربوونی کۆمەڵگا، بشارنەوە. تا لەچوارچیوەی پاراستنی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردا، بانگەشەی دەسەڵاتی خەڵک و ئازادی و چاکسازی و دیموکراسی و وەهمی باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵک و دابینکردنی ئازادییە سیاسی و مافەفەردی و مەدەنیەکان و ئایندەی سیاسی کورستان لە ژێر سایەیاندا، بانگەواز بکەن، وەکو ئاو بۆ تینوەکان و نان بۆ برسیەکان، ماف بۆ بێمافەکانن، ئازادی بۆ سەرکوتکراوەکان، سەربەخۆیی بۆ لکێنراو و داگیرکراوەکان... گرنکی چینایەتی، هەیە.

بۆپیشەوە، بەدژی سات و سەوداو خۆشخزمەتی و خۆگرێدانەوەی حزب و هێزەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و رەوتگەلی کۆنەپەرستی ئیسلامی، بە وڵاتانی زلهیزو قوتبە ناوچەییەکانی و هیزە محەلیەکان... رادەوەستێت و ماهیەتی ئەو پاشکۆیەتی و خۆشخزمەتیە بە خەڵکی کوردستان و رای گشتی دەگەیەنێت.

بۆ پێشەوە، وەکو دەنگ و سەکۆی حەقیقەت و ئینسانیەت، بۆ بەرگری لە ماف و حورمەتی ئینسانی، بۆ ئازادی و خۆشبەختی ئینسانەکان بێگوێدانە ناسنامەی دینی و مەزهەبی، قەومی و ئیتنیکی، رەگەزو جنس و رەنگی پیشت... دەنگێکی رەسا دەبێت.

لە چەند دێردا... بۆپیشەوە، بەوێنەی زمانی تیژ و پاراو و سازشهەڵنەگری کۆمۆنیستی، بە وێنەی سەکۆی نارەزایەتی سۆسیالیستی و پێشکەوتنخوازی، وەکو مینبەری رۆشنکەرەوەی رەوتی خەباتی رەوای چینی کرێکارو بزوتنەوە رادیکاڵ و ئینسانیەکان، رۆڵی خۆ دەگێریت. بۆ ئەوەی بۆپێشەوە لە راستای جێبەجێکردنی ئەو ئەرک وپەیامە، گەورەو ئینسانیەدا، سەرکەوتوبێت... پێویستی بە هاوکاری بەردەوامی کۆمۆنیستەکان و تەواوی بەرەی چەپ و پێشکەوتنخوازو ئازادیخوازی کۆمەڵگا هەیە. چاوەروانی سەخاوەتمەندانە لە کۆمۆنیستەکان و رابەرانی کریکاریی و لە هەڵسوراوانی بزوتنەوە نارەزایەتیە کۆمەڵایەتیەکان، لە هەموو ئازادیخوازێکە لە بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم پرۆژەیدا، هاوکار و لەگەڵمان بن...

**بۆپێشەوە**

## درێژەی.... دوا وتە

سەرئەنجام ریفراندۆم کرا... هەر ئەو بەرەی ئۆپۆزیسیۆنە بودەڵە و ئەو روانینە روکەش و کورت بینەی نەخێرەکانی دەرەوەی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی کورد.. لەدوای ریفراندۆمیش بەردەوامن لە ترساندن و تۆقاندنی خەڵک وێڵن بۆ گواستنەوەی هەواڵ و راگەیاندنە هەرەشە ئامێزەکانی وڵاتانی ملهور و زلهیزی دنیا و وڵاتە چنگ بەخوێنەکانی ناوچەکە... چ دنیایەکی سەیرە! بۆ ململانێی حزبی و ئەنتی پارتی بوون، بېیتە زمان حاڵی دەستی چەندەمی ئەو راگەیاندنە دوژمنکارانەیەی وڵاتانی ناوچەکەو دنیا. باسی ئازادی و مافی مرۆڤ و بەرەسمی ناسینی ئیرادەی ئازادانەی خەڵکیش بکەیت؟

بێگومان هەنگاوی چارەنووساز دوای ریفراندم دەستپێدەکات، لە نێوان ٢٥ سێبتەمبەر کە ریفراندۆم کرا و دەنگی بەڵی سەرکەوت تا جیابوونەوەی بەکردەوەی کوردستان و پیکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ مەودایەکی درێژ هەیە، ململانێیەکی و کیبەرکێیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و جەماوەری و یاسایی و حقوقی و ئەمنی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی و ئەگەری دەستێوردان و ئابلۆقە سەپاندن و تەنانەت دەستێوردانی سەربازیش هەیە... لەو نێوەدا، ئەرکی بزوتنەوەی ئازادیخوازی و ئینسان دۆستی و چەپ و کۆمۆنیستەکانە، رۆڵی ئەرینی و نەخشی بەرجەستە بگێرن بۆ پوچەڵکردنەوەی هەر هەرەشە و چاوسورکردنەوەیەک کە لەدژی بریاری خەڵکی کوردستان لە ئارادایە، رۆڵی بەرچاو بگێرن لەوەی کە نەهێڵن ئاکامی ریفراندۆم بۆ مەبەستی تر بەکاربهێنرێت، نەخشی پێویستی خۆیان بخەنەگەر و ببنە بەشیک لەهێزی لەمەیداندا بوو بۆ بەئاکام گەیاندنی ئاکامی ریفراندۆم بە قازانجی خەڵکی کوردستان و بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سیکیولاری ناقەومی... وە رۆڵی بەرچاو بگێرن ئیرادەی خەڵکی کورستان بە هێز بکەن.

ناکام کردنەوەی هەرەشەی عێراق وڵاتانی ناوچەکە، بە ئیرادەخستنەگەر و هاتنە مەیدانی جەماوەری و پێداگری لەسەر پێشکەوتنخوازبوون و مەدەنی بوونی دەوڵەتی ئایندەی کوردستان و ئامادەسازی جەماوەری چەکداری دەتوانێت، تیکبشکینرێت. هیچ دەوڵەتێک ناتوانێت هێرشی سەربازی بکاتە سەرکوردستان و سەرکەوتووبێت، دەوڵەتی فاشیشتی سەدام حسێن لە دوای خرۆشانە جەماوەریەکی ساڵی ١٩٩١ چەندین جار هەوڵیدا بگەرێتەوە کوردستان، چونکە پایەگای جەماوەری نەبوو، چونکە خەڵکی کوردستان بەرویدا هاتنە مەیدان، تێکیان شکاندو ملی خۆی و هیزەکەیان رماند... ژنان و پیاوانی کۆبانی بە بەرگری لێبراوانەو لە مەیداندابوونی خۆیان سام و تەلیسمی درندیی داعش و پشتیوانەکانیان بە ئیرادەی بەهێزی جەماوەری و چەکداری تێکشکاند و پشیوانی دنیای ئازادیخوازیشیان خستە پشتی خۆیان. پشتیوانی خەڵکی کوردستان، لە ناوچەکە جەماوەری ئازادیخوازو تورەو نارازییە لەدەسەڵاتی عروبی و ئیسلامی عێراق و ئاخوندەکانی ئێران و دەوڵەتی فاشیستی تورکیاو رژێمەکەی ئەسەد... پشیوانی خەڵکی کوردستان لە ئەمریکاو غەرب و ئەو بەرە ئینسان دۆست و ئازادیخوازەیە کە بەدوای ژیان و ئایندەیەکی عەدالەتخوازو ئازادیدا وێڵن... نەک دەوڵەت و وڵاتەکانیان، کە بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان هەموو گۆشەو کەنارەکانی دنیایان لە جەنگ و نائارامیدا راگرتووە... وە لەبەرامبەر کارنامەو درندەیی، دەیان رژێمی درندەی دەست پەروەردەکراوی خۆیان، بێدەنگن و لە بەرامبەر بە ویستی دانیشتوانێکی چەند ملیۆنی بۆ بریاردان لەسەر چاوەنووسی خۆیان، دوبارە دەوڵەتی ماف نەناس و هیرش کەرو داگیرکەرو کۆنەپەرست هەڵدەبژێرن. ئەگەر حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی هەمیشە و ئیستاش وڵاتانی ناوچەکەو ئەمریکاو غەرب بەدۆستی خۆیان دەزانن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەمانە دۆست و پشت و پەنای خەڵکی کوردستانن، ئەوە بەکردەوە سەلماوە کە ئەمە درۆیەکی ئاشکرای بەرژەوەندخوازییە و هیچیترو دۆستی خەڵکی کوردستان جەماوەری نارازی و ئینسان دۆست و پێشکەوتنخوازی دنیایە... پێویستە دەستی هاوکاری بۆ ئەم ئۆردووە رابکێشرێت. ئەم ئۆردووە دەتوانێ پشت و پەنای واقعی بێت. هەموو هەرەشەکیش ناکام بکاتەوە.

لەکۆتایدا دەبێ بڵێم... خێڵی نارازی حزبی لەناو خانەوادەی بۆژوازی کوردیدا، واز لەترساندن وتۆقاندنی خەڵکی کوردستان بهێنن...هیچ دەوڵەت و هێزێک شانسی سەرکەوتنی بەسەر ئیرادەی وەگەرکەوتو و لەمەیداندا بووی خەڵکی کوردستاندا نابیت. نووسەر وئیلیتی، نارۆشن دید و بەڕیزانی ئەنتی پارتی، نەبەرد زۆرە بە قازانجی خەڵکی کوردستان کە هەر ئێستا لەدوای ریفراندۆمەوە دەتوانن رۆڵی خۆتانی بەقازانجی خەڵکی کوردستان تیا ببینن و سنوربەندی چینایەتی و هەمەلایەنەی خۆتانێ تیا پیشان بدەن و نەهێڵن ئاکامی ریفراندۆم بۆ مەبەستی تر بەکاربهێنرێت... نەک بوونە حکایەت خوانی هەواڵە هەرەشەئامێزەکان و ترساندنی خەڵکی کوردستان.

**کۆتایی سێبتەمبەری ٢٠١٧**

دوا لاپەڕە
ژمارە ( 13 ) 1/10/2017

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوكراوەیەكی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود

ڕاوێژكاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
نووسەرانی ئەم ژمارەیە: ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، ڕێبوار ئەحمەد، شوان عەزیز، هەتاوی عەبدوڵاهی، سالار حەمە سەعید
پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە سەرنووسەرەوە:
مۆبایل: 0046737403392

بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خوێندنەوەی بابەت و وتارەكانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بكەن:
www.bopeshawa.net

## دوا ستوون

# هەڕەشەو تۆقاندن ڕاگرن!

**نووسینی: عەبدوڵا مەحمود**

هیچ لەوە چاوەڕوانكراو تر نەبوو كە ریفراندۆم و ئەنجامدانی ریفراندۆم ڕووبەڕووی نارەزایەتی و هەڕەشە و چاوسوركردنەوەو ئەگەری هێرش و ئابلۆقەدانی هەمەجۆری سیاسی و ئابوری و ئەمنی تەنانەت دەستدرێژی سەربانیش...دەبێتەوە. ئەمەش لەهەموو شوێنێكی دنیادا ڕوویداوە، ئەوەی ڕووینەداوە ئەوە بووە كە جیابوونەوەكان بێ كێشەو گرفت، بێ چاوسوركردنەوە هێرش و ئابلۆقەدان چووبێتە پێشەوە و بە ئاكام گەیشتبن. ئەوە ئەگەر بۆ جیابوونەوەو پرۆسیسی دەوڵەتسازی لە دنیادا، ڕاستییەكی حاشاهەڵنەگر بووبێت، بۆ كوردستانی عێراق كە لەگەڵ دەسەڵاتێكی عروبی و قەومی و ئیسلامی نۆكەرو كرێگرتەی جمهوری ئیسلامی ئێران و هاوسێی وڵاتانی وەكو توركیا و سوریا، ڕووبەڕووە سەد بەرابەر ڕاستە. هەر لایەن و دەنگێكیش چاوەڕێ ئەوە بێت یان بوایە كە دۆخەكە ئاسایی بێت و بابوەستین تا دەوڵەتەكانی ناوچەكەو عێراق و دنیا دەگەنە باوەڕهێنان بە پشتیوانی لە ریفراندۆم و جیابوونەوەی كوردستان، لەخەوێكی قوڵدان و بەكردەوە ئەمە یانی سپاردنی ئایندەی سیاسی كوردستانی عێراق بەمەحاڵ و قبوڵكردنی دۆخی ئێستاو ئایندەی خراپترو ترسناكتریش. ئەوەی كەلەم نێوەدا جێگای ڕامان و سەرنجە دەنگی نەخێری ژمارەیەك حزبی شەرمنۆكی بودەڵەی وەكو حزبی گۆران و كۆمەڵی ئیسلامی دەنگی نەخێری ئیلیتێكی سیاسی و ژمارەیەك نووسەرە، كە پێشتر و بەر لە ئەنجامدانی ریفراندۆم ماشێنی ڕاگەیاندنی ترساندنی خەڵكی كوردستانیان لەدەستبرن بۆ ریفراندۆم خستەگەر... دیارە هەموویان پێداگریان لەسەر ئەوە دەكرد كە ریفراندۆم ناكرێت، بەڵام هێڵێكی گەرانەوەشیان دانابوو دەیان وت ریفراندۆم پرۆژەی توركیایە بۆ دامەزراندنی قوبرسێكی تر، دەیانوت پرۆژەی ئەمریكی و توركی و سعودییە بۆ بەرگرتن بە باڵادەستی ئێران لە ناوچەكە. دەیانوت ریفراندۆم جەنگ و كوشتار و ماڵوێرانی بەدوای خۆیدا دەهێنێت. دەیانوت ریفراندۆم نایاساییە چونكە پەرلەمان كارا نییە و پەرلەمان وەكو مەرجەع نەچۆتە پشتی. دەیانوت پەرلەمان كارا دەكەنەوە بۆ پەشیمان بوونەوە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم. دەیانوت ریفراندۆم بەبێ ناوچە كێشە لەسەرەكان ناكرێت و زەمینەش لەو ناوچانە نییە بۆ ریفراندۆم. دەیانوت ئەم ریفراندۆمە موڵكی پارتیی و بارزانییەو بۆ درێژكردنەوەی كورسی سەرۆكە، دەیانوت ناوماڵی كوردی!! ڕیک نییە، سازانی نیشتیمانی!! نییە، ئامادەیی!! نییە، ئابوریمان!! نییە، سوپای نیشتیمانیمان!! نییە، ....تاد.

سەر ئەنجام ریفراندۆم كرا و ئەو بۆچوونەی لای وا بوو ریفراندۆم ناكرێت، ئەمڕۆ سەركزە. كاردانەوەو ڕەتكردنەوەی خێرای ئەنجومەنی ئاسایش، نمایشی و مانۆری سەربازی توركیاو ئێران و دەیان هەڕەشەی تر نەیان توانێ ڕێگە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم بگرن و ریفراندۆم بەبێ یەكریزی نێوماڵی كورد! بەبێ سازانی نیشتیمانی! بە بێ پشتیوانی ئەمریكاو غەرب و وڵاتانی ناوچەكە!!، بە ناوچەكێشە لەسەرەكانیشەوە كراو بەهەموو پێوادانگێكیش سەركەوتوو بوو. بەشداری بەرچاو و فروانی خەڵك و دەنگی بەڵێی بەرزیش، درۆی ئەوەی بەشداری و دەنگدان بە بەڵێ دەكات لە ریفراندۆمدا، دەنگدانە بە دەسەڵات و بەتایبەتی دەنگدانە بە پارتی و بارزانی پوچی خۆی نیشاندا. خەڵكی كوردستان پرسی ریفراندۆم و سەربەخۆیان تیكەڵ بە پرسی دەسەڵاتی تاڵانچی و مافیای و بزوتنەوەی كوردایەتی نەكرد و ئەو پرسەشیان وەكو ڕوانینی بەریزانی نەخێر بە تاپۆی دەسەڵات و پارتی و بارزانی نەزانی. خۆ ئەگەر خەڵكی كوردستان لەڕوانگەی تورەیی و نەفرەتیان لەدەسەڵاتەوە و بەو دیدەی كە ریفراندۆم موڵكی دەسەڵاتە، دەنگیان دابا، بێگومان دەنگی نەخێر و ڕێژەی بایكۆت ئارادەیەكی زۆر هەڵدەكشاو دەنگی بەڵێ دەبوو قوربانی و شكستی دەخوارد... ئەوەی لەم ریفراندمەدا بووە قوربانی دیدی تەسك و ڕوانینی ڕوكەش و تێكەڵكردنی پرسی نەفرەتی جەماوەری لەدەسەڵات لەگەڵ پرسی سەربەخۆیی بوو كە ویستی خەڵكی كوردستانە.

بۆ لاپەرە 11

# لەیادی هاوڕێیانی گیانبەختكردوو، كامەران عەبدالرحمن ناسراو بە" نازم" و وەستا "عەبدوڵا"ی بیناسازیدا



هاوڕێ ی گیان بەختكردوو كامەران عەبدولرحمان ناسراو بە نازم

هاوڕێ نازم لەساڵی ١٩٦٧ لە گوندی سەرگەڵو لەدایک بووە. لەساڵی ١٩٧٥ لەبەر بێ بژیوی ماڵیان گواستۆتەوە، بۆ قەزای دوكان ئامادەیی لە وێ تەواو كردووە، پاشان چۆتە بەشی كۆمەڵناسی لە زانكۆی سەلاحەدین... هاوڕێ نازم لەباوەشی خێزانێكی كرێكارید ژیاوە، و لەگەڵ ڕوبەڕووبونەوەی مەینەتەكانی نیزامی سەرمایەداریدا زوو ئەو بە ماركسیزم ئاشنا دەكات و لەساڵی ١٩٨٩ دا پەیوەندی دەكات بە ڕێكخراوەی ڕەوتی كۆمۆنیستەوە و بەپێی هەلومەرجی ئەوكاتە دەستی داوەتە هەڵسورانی سیاسی...

لەساڵی ١٩٩٠دا، لەلایەن دەزگای ئەمنی كۆلێژەكەیانەوە بریاری گرتنی بۆدەرچووە، بەو هۆیەوە لەساڵی سێهەمی خوێندنیدا ناچاردەبێت خوێندن بەجێ بهێڵێت... شوێنی ژیانی بگوازێتەوە بۆ شاری موسڵ و لەگەڵ چەند هاوڕێیەكیدا ژیاوە. لەشاری موسڵدا دەست دەداتە كاری بیناسازی و پاشانیش لەكارگەیەكی نایلۆن سازیدا كاری كردووە. لەكۆتایی ساڵی ١٩٩دا لە موسڵەوە دەگەڕێتەوە شاری هەولێر و لەناوچەی پیشەسازی دەستی داوەتە كاری ئاسنگەری. هاوڕێ نزام لەهەموو ئەو شوێنانەی ژیانی تیاكردوەو دەستی داوەتە كار، پەیوەندیەكی خەباتكارانەی لەگەڵ دەوروبەرەكەی دروست كردووەو دەوری ڕابەری لەخۆی نیشانداوە. و بۆتە خەمخۆری بێبەشان... دوای خرۆشانە جەماوەریەكەی ساڵی ١٩٩١ هاوڕێ نازم چەكی كردۆتەشان، لەبنكەی ڕەوتی كۆمۆنیست لەشاری ڕانیە و لەوێ درێژەی بەخەباتی كۆمۆنیستی داوە. دوای ماوەیەكی كورت هاوڕێ نازم دەبێتە كادرێكی چالاک و بەدەربەستی ڕەوتی كۆمۆنیست و سیمایەكی ناسراو جەماوەری دەوربەرەكەیی و خۆشەویستی ناو هاوڕێكانی. هاوڕێ نازم بە ئومێدەوە دەیڕوانیە دامەزراندنی كۆمەڵگەی ئازاد و یەكسان، بەجۆرێک لە دواین ساتی هەناسەدانی" بژی كۆمۆنیزم" دوا وێری سەر زمانی بوو. بەداخەوە ئەم هاوڕێ ئازیزەمان لە بەرواری ٢/١٠/١٩٩١ بەكارەساتێكی دڵتەزێن بەجێی هێشتین و گیانی خۆی كردە پێناوی ڕزگاری چینی كرێكار و كۆمۆنیزمەوە... هاوڕیی گیان بەختكردوو وەستا عەبدوڵای بیناسازی، كرێكاری كۆمۆنیست و هەڵسوراوی یەكێتی بێكاران ویەكێتی كرێكارانی بیناسازی بوو. لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕەش و ئیستیبدادی بەعسدا، هاوڕێ عەبدوڵا لایەنگری ڕێكخراوی ڕەوتی كۆمۆنیست بوو. لەكاتی پەلامارەكانی ڕژێمی درندی بەعسدا بۆسەر شارەكانی كوردستان بۆ سەر كۆمۆنیستەكان و ڕێكخراوە چەپەكان ڕۆڵێكی بەرجەستەی هەبوو بۆ یارمەتی دان و شاردنەوەی هاوڕێیانی مەترسی لەسەر. هاوڕێ عەبدوڵا لەسەردەمی شوراكاندا ڕۆڵێكی بەرچاوگێراو هەڵسوراوێكی جدی شوركان بوو. پاشان پەیوەندی دەكات بەرێكخراوی ڕەوتی كۆمۆنیست و بەناوی وەستا" عەلی" وە لەریزەكانی ئەو ڕێكخراوە درێژە بە هەڵسورانی كۆمۆنیستی دەدات. بەداخەوە بەرواری ١٠/١٠/١٩٩٤ لە نزیک شارۆچكەی عەربەت لە كاتی كاركردندا توشی كارەساتێكی دڵتەزێن دەبێت و گیان لەدەست دەدات... **بەرزو بەڕێز بێت یادی خەباتكارانەی وەستا عەبدوڵاو هاوڕێ نازم.**

## دوا كات بۆ ناردنی بابەتەكانی ژمارەی داهاتووی بۆپێشەوە

2017-10-13